# بارودۆخی کۆمەڵایەتیی سەیدسادق ١٩٥٥-١٩٨٨

**مەریوان إبراهیم أحمد، هۆشمەند عەلی مەحمود**

بەشی مێژو، فاکەڵتیی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە-** سەیدسادق لەبەر بارودۆخە جوگرافیاکەی وایکردووە، ببێتە شوێنی نیشتەجێبوونی چەندین هۆز و عەشیرەت وەک (شاتری، شێخ شمایلی، چنگنی، سمایل عوزێری.....هتد)، ئەمانە ژیانی کۆچەریان هەبووە و خەریکی بە خێوکردنی مەڕو ماڵات بوون، بۆ دەستخستنی لەوەڕگا بۆ ئاژەڵەکانیان هەتا سنوورەکانی ئێران دەڕۆشتن، بەڵام دواتر کە سەیدسادق ئاوەدانبووە لەباری ناوچەکە وایکرد واز لە ژیانی کۆچەری بێنن و لێینیشتەجێ بن، هەریەکەیان بە جۆرێک کاریان کردووە لە پێشکەوتن و ئاوەدانبوونەوەی شارەکەدا، لە دوای ئەوەی گوندی سەیدسادق بووە ناحیە لە ساڵی ١٩٥٥ هەمووان کاریان کردووە، بۆ ئەوەی شارەکە زیاتر گەشە بکات و لە ماوەیەکی کەمدا مزگەوت و قوتابخانە و نەخۆشخانەی تێدا کرایەوە، بەتێپەڕبوونی کات ژمارەی قوتابخانە و مزگەوتەکان زیادی دەکرد و فەرمانگە حکومییەکانیش لە خزمەتی دانیشتوانی ناوچەکەدا بووە، لە ڕووی دابونەریتەوە ناوچەکە بەگشتی لە ئاستێکی باش دابووە، هەمووان یارمەتیدەری یەکتربوون و کاروبارەکانیان بەشێوەی بە هەرەوەزی ئەنجام داوە، بەڵام لەلایەن حکومەتی عێراقی و حیزبی بەعس کێشەیان بۆ دروستکراوە و دواجار لە ساڵی ١٩٨٨ شارەکە بە تەواوی خاپوورکراوە و گوندەکانیش هەمووی ڕاگوازراون بۆ کۆمەڵگە زۆر ملییەکانی نەسر و باریکە ژیان کردن لەو ناوچەیەدا بەتەواوی وەستاوە.

ئامانج لەم توێژینەوەیە دەرخستنی لایەنی کۆمەڵایەتی شاری سەیدسادقە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٥-١٩٨٨) و شیکردنەوەی زانیاریەکانە لەڕێگەی میتۆدی زانستیەوە.

**کلیلە ووشەکان-** کۆمەڵایەتی، سەیدسادق، هۆز، عەشیرەت، دابونەریت.

## پێشەکی:

سەیدسادق یەکێکە لە ناوچە دیار و گرنگەکانی باشووری کوردستان، دەکەوێتە باکووری ڕۆژهەڵاتی عێراق و ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانەوە، لە باکوورەوە هاوسنووورە لەگەڵ قەزای پێنجوێن، لە باشوورەوە دەشتی شارەزوورە، لە ڕۆژهەڵاتەوە هەڵەبجە و ناحیەکانی سیروان و خورماڵە، لە ڕۆژئاواوە عەربەت و پارێزگای سلێمانییە.

ناوچەکە لەبەرئەوەی هاوسنورە لەگەڵ وڵاتی ئێران و بەناوەندی دەشتی شارەزوور دادەنرێت، ئەمانە وای کردووە ببێتە جێگای بایەخی ئەو هۆزانی کە کۆچەری بوون و گەرمیان و کوێستانیان کردووە، بەجۆرێک لە زستاناندا هاتونەتە ناوچە گەرمیانیەکان و لە هاوینان بەرەو کوێستانەکان تا سنورەکانی ئێران ڕۆشتون، ئەو ڕێگای پێیدا هاتوچۆیانکردووە ناوچەکانی سەیدسادق بووە، ئیتر وردەوردە لەوێدا نیشتەجێبوون و ئاوەدانیانکردۆتەوە، چەندین شێواز و دابونەریتی جیاوازیان هێناوەتە ناوچەکە، لەبەرگرنگی ناوچەکە لەماوەیەکی کەمدا خەڵکێکی زۆر ڕوویان تێکرد، بەجۆرێک لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندەوە بووە بە ناحیە، دامودەزگا حکومەیەکانی لێدامەزا و سیمای شاری بەخۆیەوە بینی، چەندین عەشیرەت و هۆزی جیاواز لە ناوچە جیاجیاکانەوە ڕوویان تێکرد و تێیدا نیشتەجێبوون هەریەکەیان دابونەریتی جیاواز و تایبەت بەخۆیان هەبووە، ئەم شارە و گوندەکانی لەبەرئەوەی بەردەوام دژی زوڵم و ستەمی حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق دەبونەوە، ئامادەنەبوون ببنە ژێردەستە و بڕیارەکانی حکومەت جێبەجێبکەن، بەتایبەتی لەدوای دروست بوونی جەنگی عێراق-ئێران لە (١٩٨٠-١٩٨٨) لەدژی حکومەت وەستانەوە، ئەمە وایکرد دواجار حکومەتی عێراقی لە ١٩٨٨ بەتەواوی شارەکەی خاپوور کرد و دانیشتوانی شارەکە و گوندەکانی سەربەناحیەکەی ڕاپێچی کۆمەڵگە زۆرە ملییەکان کرد.

### ناونیشانی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەیدسادق ١٩٥٥-١٩٨٨) دایە.

### هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی سەیدسادق لەماوەی ساڵانی ١٩٥٥-١٩٨٨ هەتا ئێستا بەشێوەیەکی زانستی و ورد لێکۆڵینەوەی لەبارەوە نەکراوە، ئەو زەمەنە مێژووییە فەرامۆش کراوە، هەرچەندە هەندێک بڵاوکراوە و کتێب هەیە بە چەند پەرەگرافێکی کەم ئاماژەیان داوە بە لایەنی کۆمەڵایەتی، بەڵام نەیانتوانیووە لایەنە شاراوەکان دەربخەن، لە کاتێکدا ناوچەی سەیدسادق چەندین هۆز و عەشیرەت و دابونەریتی جیاواز تێدابووە، لە ڕووی کۆمەڵایەتیەوە گرنگی تەواوی هەبووە، بۆیە ویستوومانە بە پشتبەستن بەسەرچاوەی بەردەست و لەڕێگەی مێژووی زارەکی و ئەو کەسانەی کەلە ژیاندا ماون و شارەزان لە مێژووی ناوچەکە زانیارییەکان دابڕێژینەوە.

### سنور و ڕێبازی توێژینەوەکە:

لە توێژینەوە زانستیەکاندا چەندین ڕێبازی زانستی بەکاردەهێنرێت، بۆ ئەوەی زانیاریەکان شیبکرینەوە و ورد تر باس بکرێن، لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازەکانی (مێژووی،

مجلة جامعة التنمية البشرية

المجلد 12، العدد 2(2026)؛ عدد الصفحات (15)؛ معرف الكائن الرقمي: 10.21928/juhd.v12n2y2026.pp1-15

ورقة بحث منتظمة: أُستلم البحث في 31 أيار 2025؛ قُبل في 27 تموز 2025؛ نُشرت في 12 نيسان 2026؛

البريد الإلكتروني للمؤلف : marewanibrahem555@gmail.com, hoshmand.ali@koyauniversity.org

حقوق الطبع والنشر ©2026 مەریوان إبراهیم أحمد، هۆشمەند عەلی مەحمود. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

زارەکی) بەکارهاتووە، بە پێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستدابون بۆئەوەی زانیاری زیاترمان دەست بکەوێت.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

ئامانجمان ئەوەیە لەرێگەی ئەم توێژینەوەیەوە هەندێک لایەنی شاراوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی ناوچەی سەیدسادق لەماوەی نێوان ساڵانی (١٩٥٥-١٩٨٨) تیشک بخەینەسەر و بەشێوازێکی زانستی و ورد بیخەینە بەرباس و شیکردنەوە.

### گرفتەکانی توێژینەوەکە:

زۆربەی کات ئەگەر توێژەر بە شێوەیەکی چڕ و پڕ هەوڵی دەرخستنی تەواوی زانیاریەکان بدات لەسەر لایەنێکی مێژووی، ڕووبەڕووی کۆمەڵێک گرفت دەبێتەوە، یەکێک لەو گرفتانەی هاتۆتە بەردەمان لەم توێژینەویەدا کەمی سەرچاوەی پێوست بووە لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە، کە سەرچاوەی نوسراوی پێوست لەبەردەست نەبوون، ئەمەش وای کردووە بەشێوەی چاوپێکەوتن و زارەکی زانیاریەکانمان دەست بکەوێت، لەمەشدا گرفت دروست بووە لەبەرئەوەی هەندێک لەو کەسانەی زانیاریان لابووە لە سەر لایەنی کۆمەڵایەتی ناوچەکە ئامادە نەبوون لێدوان بدەن، بەتایبەتی نەوەکانی ئەو بنەماڵە عەرەبانەی کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتونەتە سەیدسادق بەشی زۆریان ئامادە نەبوون لێدوان بدەن و زانیاری زیاتر بخەنەڕوو، ئەمەش گرفت بووە، هەروەها هەندێک کەس جۆرێک لە لایەنگریان تێدابووە بۆ هۆز یان عەشیرەتێک و پیاهەڵدانیان بۆکردووە، بۆیە پێویست بووە زۆر بە وریای مامەڵە لەگەڵ ئەو زانیاریانەدا بکرێت، ئەمەش کێشە و گرفتی زۆر بووە، یەکێکی تر لەو گرفتانەی هەبووە ئەوەیە لە سەیدسادق بەهۆی ئەو خۆپیشاندان و ناڕەزایەتیانەی لەم ساڵانەی دوای دا ڕویداوە، وای کردووە دامودەزگا حکومییەکان بکەونە بەر هێرشی خۆپیشاندەران و بسوتێنرێن، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەرشیفەکانی ئەو دامودەزگایانە بسوتێت، نەتوانین سودی زیاتری لێوەربگرین.

### ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و سێ باس، لەگەڵ ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

باسی یەکەمی توێژینەوەکە ئاماژە بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هۆز و عەشیرەتەکان دەکات، باسی دووەم شێوازەکانی بونیاتنان و شوێنە ئاینی و گەشتیارییەکانی سەیدسادق لە خۆگرتووە، ئەم باسە دەبێتە دوو تەوەرە، تەوەرەی یەکەم شێوازی بونیاتنانی سەیدسادق ئاماژە پێدەکات، تەوەرەی دووەم شوێنە ئاینی و گەشتیارییەکانی سەیدسادق رووندەکاتەوە، باسی سێیەم تایبەتە بە دابونەریتی سەیدسادق.

## باسی یەکەم
## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی هۆز و عەشیرەتەکان

بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو هەموو گەل و هۆزێکدا لەگەڵ تەواوی بابەتەکانی ئایینی و ڕامیاری و ئابووری و ڕۆشنبیریدا کاریگەری و پەیوەندییان پێکەوە هەیە و باسی هەموویان پێکەوە دەبێت بە مێژوو، هەروەها ژیانی هەر هۆز و گەل و نەتەوەیەک بریتییە لە کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی تایبەت بەخودی خۆیان، دەتوانین بڵێین ئەم ژیانەش لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی تر دەگۆڕێت، جا لە شێوازی گفتوگۆ بێت یان پەیوەندی و شێوازی مامەڵەی ڕۆژانە بێت لەگەڵ یەکتردا (دەروێش، ٢٠٢٢، ٤٨).

زۆربەی ئەو تیرەو عەشیرەتانەی چوونەتە ناوچەی سەیدسادق هەموویان سەربە هۆزی جافن، جافیش: یەکێکن لە هۆزە گەورەکانی کورد، چەندین تیرەی لێدەبێتەوە، مێژووی نووسراویان لە زاهیربەگی کوڕی یارئەحمەد بەگەوە دەست پێدەکات، ئەم هۆزە بەشێکی زۆریان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان نیشتەجێن لە باشووری کوردستانیش لەناوچەکانی پێنجوێن و کەلار و هەڵەبجە و سەنگاو و زۆر ناوچەی تردا هەن، ناوچەی هەڵەبجە و کەلار بە مەڵبەندی سەرۆکایەتی هۆزی جاف دادەنرێت (جاف، ١٩٩٥، ٢٣، ٢٤)، لەگەڵیدا هەندێک تیرەو هۆزی دیکەش چوونەتە ناوچەکە، جێگای ئاماژەپێدانە سەبارەت بەهاتنی هۆزەکان و نیشتەجێبوونیان لەو ناوچەیەدا (محمد ئەمین زەکی) دەڵێت: (خەڵکی ووڵاتی شارەزوور هەر عەینی عێراق و دێهاتی ئەمڕۆ بوو وەکو زەنگەنە، هەمەوەند، جاف هێشتا لە ئێرانەوە نەهاتبوون، دواتر هاتنە شارەزوور ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ئەو عەشیرەتانەی ئێستا لە شارەزوور هەن لە ئێرانەوە هاتوون لەناوچەکانی سنە دواتر هاتوونەتە ناوچەکانی شارەزوور و نیشتەجێبوون (زەکی،١٩٩٤، ٢٠٦)، لەلایەکی دیکەوە کلودیوس جێمس ڕیچ، لە ساڵی ١٨٢٠ کاتێک گەشتەکەی دەست پێکرد بۆناوچەکانی کوردستان چاوی بە کەیخەسرەو بەگی سەرۆک هۆزی ئەوکاتەی جاف کەوتووە و دەڵێت: ( هۆزی جاف کەیخەسرەو سەرۆکیانە، لە بەرزایی قەڵەم ڕەوی والی (سنە)دا دەژین، سەرو سیما جوان و ئازان، تەنانەت لای کوردەکان خۆیشیان لە خێڵە هەرە جەربەزە و دواکەوتووەکانن شێوە زمانیان جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ شێوە زمانی کوردانی بابان هەیە، سیمایان ئەوەندە جیاوازە بەئاسانی ئەتوانرێت بناسرێتەوە، لەم هۆزە بەئاسانی چوار هەزار پیادەیان دەتوانن چەک هەڵبگرن کە چاکترین جەنگاوەری ناو سوپای کوردانن) (ڕیچ، ٢٠٠٢، ١١٩).

کلودیوس جێمس ڕیچ: گەریدەیەکی ئینگلیزە لە ساڵی ١٧٨٧ لەدایک بووە لە ساڵی ١٨٢١مردووە، ئەم گەریدەیە لە ساڵی ١٨٢٠سەردانی ناوچەکانی کوردستانی کردووە (ڕیچ، ٢٠٠٢، ٥).

دەتوانین بڵێین، ئەو هۆز و عەشیرەتانەی کە هاتنە سەیدسادق لە ئێرانەوە هاتوون لە ناوچەکانی سەیدسادق و شارەزوور و ناوچەکانی تری کوردستان بڵاوبوونەتەوە، وازیان لەژیانی کۆچەری هێناوە و نیشەجێبوون و هەتا ئێستاش لەناوچەکەدا سەرقاڵی ژیانی خۆیان.

لە دۆخی کۆمەڵایەتی سەیدسادق دا چەندین هۆز و خێڵ هەبوون کە دوای نیشتەجێبوونیان و وازهێنانیان لە ژیانی کۆچەری لە سنووری ناوچەکەدا نیشتەجێبوون چەندین شوێن و گوندیان ئاوەدانکردەوە بە شێوەیەکی بەرفراوان بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە و سەرقاڵی ژیان کردن و کاروباری ڕۆژانەی خۆیان بوون، لەگەڵی دا هەندێك ماڵ و خێزانیش هەبوون بەجیا لە هۆز و عەشیرەت نیشتەجێبوون و ژیانی خۆیان بەرێدەکرد (ب،ن،س، ١٩٩٩، ١٩٢).

سەیدسادق بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە چەندین هۆزو عەشیرەتی تێدا کۆبونەتەوە ئەمەش بەهۆی نزیکی لە سنورەکانی ئێران و بەپیتی خاکەکەی، کە سەنتەری دەشتی شارەزووره و ئاوهەوا خۆش و لەبارەکەی بۆ ژیان کردن، ئەمانە وای کرد ئەو هۆز و عەشیرەتانە واز لە ژیانی کۆچەرەی بهێنن و لەوێدا نیشتەجێبن، خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بن، دوای ئەوەی ئاوای پردەکە یان سەیدسادقی ئێستا بەرەو ئاوەدانبوونەوە ڕۆیشت و وردە وردە خەڵک روویان تێدەکرد بۆ نیشتەجێبوون، لە ئاوەدانکردنەوەیدا خەڵکی دوو هۆز و عەشیرەت ڕۆڵی گرنگیان گێڕاوە و پێگەیەکی بەهێزیان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوە و دروست بوونی سەیدسادقدا، ئەوانیش عەشیرەتی شاتری و هۆزی چنگنین، پاشانیش چەندین عەشیرەت و هۆزی جیاواز چوونەتە

سەیدسادق و دەستێکی باڵایان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوە و پێشکەوتنی ناوچەکە، کە ئەمانەن:

### یەکەم: شاتری

یەکێکن لە گەورەترین تیرەکانی ناو هۆزی جاف، سەبارەت بەناوە تیرەکە باس لەوە دەکرێت نەوەی کەسێکن بەناوی (کوێخا شاتر) کە گەورەی هۆزەکە بووە، بۆچوونێکی تر هەیە پێی وایە لە وشەی فارسی (شاهترین) هاتووە، شاتری بەمانای وریا و زۆرزان دێت، شاتری لە شەش کۆمەڵەی سەرەکی پێکدێن ئەوانیش: (یوسف جانی، برایی، میروەیسی، وردەشاتری، کەرەم وەیسی، کەرۆیی)، ئەمانە ژیانی کۆچەریان هەبووە، واتە گەرمیان و کوێستانیان دەکرد، هاوینان چوونەتە سنووری ئێران و زستانان گەڕاونەتەوە بەرەو باشوور و خەریکی بەخێوکردنی مەڕومالات بوون، سەرەتای بڵاوبوونەوەیان لە ناوچەکانی سنەو بانە و مەریوان و هەندێ ناوچەی تری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووە، وەک ڕیچ ئاماژەی پێدەکات شاتری لە ساڵی ١٨٠٠ هاتونەتەو دیوی کوردستانی باشور و نیشتەجێی سەیدسادق و شارەزوور و گەرمیان و چەند شوێنێکی تری کوردستانی باشور بوون، بەڵام بەشێکیشیان هەر لە ئێران ماونەتەوە، ئەوانەی هچوونەتە ناوچەکانی سەیدسادق لە گوندەکانی دێی حاجی مارف و کامێش تەپە و هەیاس و ناوگردان و بێرەشکە و شاتوان و کەڵوڕان و چەند شوێنێکی تر نیشتەجێبوون (ڕیچ، ٢٠١٢، ١٢٥، ١٢٦). بەشی زۆری ئەم گوندانە واتە گوندەکانی سەر بە سەیدسادق مێژووی دروست بوونیان بۆ پێش شاری سەیدسادق دەگەڕێتەوە، هەر لەبەرئەمە ئەو هۆزانەی کۆچیان کردوە و هاتوونەتە کوردستانی باشور لەو گوندانەدا نیشتەجێبوون و سەرقاڵی ژیانی خۆیان بوون.

لە دروست بوون و ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادقدا کەسایەتیەکی عەشیرەتی شاتری ڕۆڵی گرنگی هەبووە ئەویش سۆفی (محەمەد) بووە لەگەڵ هەرسێ کورەکەی (ئەحمەد، عەلی، قادر)، ئەمەی سێیەم هەر زوو بە نەخۆشی مردووە، ئەمانە لە گوندی کێلەکەوە نیشتەجێبوون و وەک یەکەمین ماڵ چوونەتە سەیدسادق و لای پردەکەدا چایخانەیەکیان داناوە و بیرێکی دەستیان لێداوە و هەتا ئێستاش ماوە، پاشان دەستیان کردووە بە دروست کردنی خانوو بۆ نیشتەجێبوون، دواتریش هەر لە عەشیرەتی شاتری چەندین خێزان و ماڵ چوونەتە سەیدسادق، وەک: ماڵی عبدالرحمن سەمین و ماڵی کوێخا عەلی کە بووە موختاری سەیدسادق دوای خۆی کوڕەکی بە ناوی حەمە سەعید بووە موختار لە دوای ئەمیش حەمە ساڵحی کوڕی بووە موختار هەتا ڕاگواستن و ڕووخانی سەیدسادق لە ساڵی ١٩٨٨ موختاری هەر بەدەستی ئەمانەوە بووە، هەروەها ماڵی فەرەجی حەمی ڕەسوڵ ئەمانیش شاتری بوون لە گەرمیانەوە چوونەتە سەیدسادق، ماڵی محەمەد عەبدول کریم ئەمانیش شاتری بوون چوونەتە سەیدسادق و لەوێ نیشتەجێبوون، لەگەڵ ماڵی حاجی حەمە سوران کە ئەوانیش چوونەتە سەیدسادق، دواتر وردە وردە ژمارەی دانیشتوانی سەیدسادق زیادی کرد و عەشیرەتی شاتری ڕۆڵی گرنگی گێڕاوە لە ئاوەدانکردنەوە و بەهێز بوونی پێگەی سەیدسادقدا، ئەمان پێگەیان زیادی کرد وەک کاربەڕێکەر و موختاری سەیدسادق بێت، یان وەک بەڕێوبردنی کاروباری خەڵک بێت، یان دەستی کار لە بەخێوکردنی ئاژەڵ و چاندنی بەروبوومە کشتوکاڵییەکان وەک گەنم و جۆ و توتن و لۆکە، لە لایەک بژێوی خۆیان پێدابین دەکرد، لە لایەکی تر دەستی کاریان ڕەخساندووە بۆ دانیشتوانی ناوچەکە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەو شوێن و گوندانەی ئەوانی لێبوون زەوییەکەی بە پیت بووە بۆ کشتوکاڵ کردن، لەگەڵیدا ڕێژەیەکی باش ئاویشیان هەبووە لەچاو ناوچەکانی تر کە بۆ کشتوکاڵ و پێداویستی ڕۆژانەیان سودیان لێوەرگرتووە (عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٣ /٢٠٢٥/٢).

### دووەم: چنگنی

یەکێکن لە هۆزە گەورە و دیارەکانی کوردستان، سەرەتای دەرکەوتن و بەهێزبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٤٩، عەلی سوڵتان چنگنی میری ئەو هۆزە بووە، لەبەر بەهێزی دەسەڵاتی تورک و ئێران نەیانتوانیووە زۆر خۆیان ڕابگرن، لە هەردوو سنوری ڕۆژهەڵات و باشوور هەبوون و هاتوچۆیان کردووە (گەرمیانی، ٢٠١٨، ٢٧٩). لەبارەی ئەم هۆزەوە میجەر سۆن دەڵێت: (چنگنی هۆزێکی تەواو کۆچەرین لە زستانان لە بناری چیایەکانی پیرەمەگروون لە باکووری ڕۆژئاوای سلێمانی لە خوارووی چیاکاندا بەئاراستەی قەڵاچۆلان نیشتەجێبوون، هاوینانیش لە ناوچەی مەرگە دەژیان، ئەم هۆزە لە ناو ئێراندا خەریکی کاری ڕێگری دەبن و زۆر دژی ئێرانن، هۆزێکی سوونی شافیعین، تورکەکان هیچ کات نەیانتوانیوە باجیان لێبسێنن یان سزایان بدەن) (سۆن، ٢٠٠٧، ٣٥) ئەم هۆزە لەناوچەکانی سنەوە هاتوون دەگەڕێنەوە سەر سمایل عوزەیریەکان، ئەندامەکانی ئەم هۆزە خەریکی کاری ڕێگری بوون و کەسانی چاونەترس و توند بوون و حکومەتی تورک حسابی بۆ کردوون (خورشید، ١٩٧٩، ٤٢).

سەبارەت بە ڕۆڵی ئەم هۆزە لە ئاوەدانکردنەوە و گەشەسەندنی سەیدسادق دا بنەماڵەی نەویجانە سوور کە پێشتر لە سەیدسادقی کۆن دەژیان لە هۆزی چنگنی بوون، دوای ئاوەدانبونەوەی سەیدسادقی نوێ، ئەوانیش چوونەتە ئەوێ و لەوێ خانویان دروستکردوە و وازیان لە گوندە کۆنەکە هێناوە، حەوتبرا کوڕی نەویجان ماوەیەک بووە بە موختاری سەیدسادقیش، ئەمان پەیوەندی ژن و ژنخوازی یان هەیە لەگەڵ عەشیرەتی شاتریدا، پاشان وردە وردە ئەندامانی ئەم هۆزەش ڕویان لەناوچەی سەیدسادق کردوە و لەناو شار و گوندەکانی دەوربەری دا نیشتەجێبوون (عەلی، چاوپێکەوتن،٢٠٢٥/٢/٢٣).

### سێیەم: شێخ سمایلی

تیرەیەکی گەورەن لە تیرەکانی هۆزی جاف و دەبن بە دوو کۆمەڵە و کۆمەڵەی یەکەم پێیان دەڵێن سمایل بنەجووت، دووەمیش پێیان دەڵێن سمایلی سورەجۆ، ئەمانیش ژیانی گەرمیان و کوێستانیان کردووە و خەریکی بەخێوکردنی ئاژەڵ بوون وەک مەڕ و بزن و ڕەشە وڵاخ، لەگەڵیدا کشتوکاڵیشیان کردووە وەک (گەنم، جۆ، نۆک، نیسک) (کۆمەڵێک نووسەر،٢٠٠٨، ٢٤٧). شێخ سمایلییەکان شوێنی سەرەکییەکان ناوچەی (قروە)یە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەڵام لە بەرئەوەی خەریکی ئاژەڵداری بوون گەرمیان و کوێستانیان کردووە و هاتونەتە ناوچەکانی دەشتی شارەزوور و سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەری و لەوێدا بڵاوبوونەتەوە و نیشتەجێبوون، ئەو شوێنانەش وەک (کەچەڵی، ماو، گریزە، شانەدەری، بنەجووت، توتاقاج، کانی پانکە، کێلەکەوە، موان، ئوشقبە، قاینەجە، سەراو)، دواتر بە زۆر شوێنی وەک گەرمیان و چەمچەماڵ و کۆیە و سلێمانی دا بڵاوبوونەوە (المحامي، ٢٠٠٥، ٧٨، ٧٩).

ئەوەی تایبەتە بەم تیرەیە و ڕۆڵیان لە ئاوەدانکردنەوەی سەیدسادقدا ئەوەیە دەستێکی باڵایان هەبووە، سەرەتا لە گوندی کێلەکەوەوە ماڵی عەلی شەریف چوونەتە سەیدسادق و لەوێ نیشتەجێبوون، ئیتر وەردە وردە ژمارەی ماڵە شێخ سمایلییەکان زیادی کردووە لە سەیدسادقدا، ئەمەش بۆتە هۆکارێک بۆ ئەوەی لە ساڵی ١٩٦١ چەند کەسایەتیەکەی شێخ سمایلی داوایان لە کاربەدەستان کرد ئەوانیش موختاریان هەبێت، لەبەرئەوەی بەشێکی خەڵکی سەیدسادق لە تیرەی شێخ سمایلی پێکهاتبوو،

بۆیە حکومەت بڕیاری دا سەیدسادق بکات بە دووبەشەوە، بەشی خوار جادەی گشتیی کە پێیان دەگوت بەری حەسار (حەمە سەعید کوێخا عەلی) لەعەشیرەتی شاتری بووە موختاری، بەشی سەرەوە و گەڕەکانی بەرکێو و سەرا (عەلی شەریف) لە تیرەی شێخ سمایلی بووە موختاری، لە دوای ئەویش کەسێکی دیاری شێخ سمایلی بووە موختار بەناوی (قادر ساڵح)، جێگای ئاماژە پێدانە چەندین کەسایەتی تری شێخ سمایلی چوونەتە سەیدسادق وەک (حەمەی مەلا ڕەمەزان، حاجی عارف، حەمە عێزەت، حەمە عەلی، مام ئەمین، حاجی فەتاح، حەمە ڕەشید ساڵح حەسەن، حەمە ئەمین ڕەشید کەرەم، ئەحمەد سلێمان، مستەفا قازی، فایەق قادر، سەعید کاکە، دەرویش حەمە موراد)، ئەمانە و چەندین ماڵی تر لە تیرەی شێخ سمایلی ڕۆڵێکی باڵایان هەبووە لە ئاوەدانکردنەوە و بەرەو پێشچوونی سەیدسادقدا (محەمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٤). دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین، زۆرترین بنەماڵە کە چوونەتە سەیدسادق لە تیرەی شێخ سمایلی بوون، هۆکارەکەشی بۆئەوە دەگەڕێتەوە ئەو گوندانەی دەوروبەری سەیدسادق کەنزیک بوون لە سەیدسادق زۆربەیان لە تیرەی شێخ سمایلی بوون، ئەمەش وایکردووە بە ئاسانی کۆچ بکەن بۆی.

**چوارەم: گەڵباخی**

بە شێوەیەکی گشتی ئەم هۆزە لەشەش تیرەی سەرەکی پێکهاتوون ئەوانیش: (موراد گۆرانی، کاملی، قەمەری، کاك سەوەندی، چۆخەڕەشی، وەرمزیار)، مێژووی دروست بونیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٤٩٠، ئەمانیش کۆچەرین، واتە گەرمیان و کوێستانیان کردووە و بەشی زۆریان لە ئێرانن، کە هاتونەتە ناوچەکانی کوردستانی باشور لە چەمی شلێر و پێنجوێن و سەیدسادق و هەڵەبجە و شارەزوور و کۆیە و قەڵادزێ و چەندین شوێنی تر نیشتەجێبوون (حەسەن، ٢٠١٩، ٨٨-٩٥).

ئەوەی تایبەتە بە سەیدسادق کەسێکی دیاری ئەم هۆزە بەناوی (حاجی ساڵح سعید حەمە ئەمین) ناسراو بە ساڵح گورجی دوای ئەوەی سەیدسادق ئاوەدانکرایەوە و ئەمەیش وەک وەک هۆزی گەڵباخی ڕۆشتووە لەوێ نیشتەجێبووە، دواتر ژمارەی گەڵباخییەکان لە شارەکە زیادی کردووە و بوونەتە بەشێک لە پێکەوە ژیان و ئاوەدانی ناوچەکە (شارەزووری، ٢٠١٣، ٣٠).

**پێنجەم: سمایل عوزەیری**

ئەم هۆزە ئێستا سەربەخۆن، هەرچەندە لەسەردەمانی ژیانی کۆچەری دا شوێن و هەواریان لەگەڵ تیرەکانی جاف بووە، بەڵام سەد ساڵێک دەبێت لە جاف جیابونەتەوە و لەکاروباری خۆیاندا تەواو سەربەخۆن، ئەمان لە جوانڕۆ و ئێرانەوە نەهاتوون، بەڵکو شوێنی نیشتەجێبوونی فەرمیان هەر باشوری کوردستان بووە، بەڵام ساڵانە کۆچیان کردووە بۆ دەست خستنی ئاو و لەوەرگا بۆ ئاژەڵەکانیان بۆئەوەی بەردەوامی بدەن بەژیانی خۆیان (حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٨).

میجەرسۆن لە بارەی ئەم هۆزەوە دەڵێت: ( کۆچەرین زستانان لەو ناوچانەی دەکەونە نێوان چیاکانی دوکان و تۆکەداغ و سەردەشت و چیای ئەسکوت نیشتەجێ دەبن، هاوینان دەگەڕێنەوە بۆ ئێران ئەمانە کاری ڕێگریش دەکەن، بەڵام هێرش ناکەنە سەر ئەوانەی کە سوننە مەزهەبن) (سۆن، ٢٠٠٧، ٦٠، ٦١)، ئەم هۆزە لە چوار تایەفە پێک دێت ئەوانیش (سمایل عوزەیری، قەرەوەیسی، گۆمەی، میرالەییەکان) (حەسەن، ٢٠١٩، ١٣٨).

ئەوەی تایبەتە بەم هۆزە و چوونیان بۆ سەیدسادق، ئەمانیش دوای ئاوەدانبونەوەی سەیدسادق و کۆچکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەری بۆ ئەوێ، ئیتر وردە وردە ئەم هۆزەش چوونەتە سەیدسادق بەشێوەیەکی ئاشتیانە و کۆمەڵایەتی پێکەوە لەگەڵ هۆز و تیرەکانی دیکە سەرقاڵی ژیان کردن بوون، لە نمونەی ئەو کەسایەتیە دیارانەی هۆزی سمایل عوزەیری (قادر احمد ڕەسوڵ)ە ناسراو بە مەلا قادر، ئەم کەسایەتیە لە ساڵی ١٩٥٠ هاتۆتە سەیدسادق و کەسێکی دەوڵەمەند بووە، لەناو خەڵکدا ناسراو و خۆشەویست بووە، خێزانی بەناوی (ڕەعنا) چارەسەری کوردەواری بۆ نەخۆش دەکرد، لەهەمان کاتیشدا دوای ئەوەی گوندەکە کرا بە ناحیە بارەگای ناحیەکە لە خانووی ئەم کەسایەتیەدا بوو هەتا ئەوکاتەی حکومەت بینای تایبەتی بۆ دروست کرد (شارەزووری، ٢٠١٥، ١٠٠). وەک ئەوەی باس دەکرێت هۆکاری هاتنی مەلا قادر بۆ سەیدسادق لەسەر داوای مەحمود بەگی جاف بووە، ئەمەش لەبەرئەوەی مەحمود بەگ خاوەن موڵکێکی زۆر بوو لە سەیدسادق و لەترسی ئەوەی داگیرنەکرێت داوای لە مەلا قادر کردووە بێتە سەیدسادق و لەو زەویانەی دا خانوو و دوکان بکاتەوە بەکرێیەکی کەم، ئەوەبوو ئەویش بە داواکەی مەحمود بەگ ڕازی بووە و لە سلێمانیەوە هاتۆتە سەیدسادق و بووە بە کەسێکی دیار و بەناوبانگی شارەکە، پاشان بە تێپەڕبوونی کات ئەندامانی ئەم هۆزەش ڕوویان لە سەیدسادق کردووە و تێیدا نیشتەجێبوون (شارەزووری، ٢٠١٣، ٣٢).

**شەشەم: لوڕ**

بەیەکێک لەهۆزە گەورەکانی کورد دادەنرێت و دەکرێن بە چوار بەشەوە (لەک و زەند، مەمەسەنی، بەختیاری، فەیلی) شێوەزاری لوڕی نزیکە لە هەردوو شێوەزاری کوردی و فارسی، ئەو خاکەی کە تێیدا نیشتەجێن لە ئیسفەهانەوە بۆ خۆزستان و هەمەدان و جەمسەری خاکی عێراقی عەجەم تا سنوری ئازەربایجان درێژ دەبێتەوە، تەنانەت بە تێپەڕبوونی کات و سەردەم لە قەزوین و شوێنی دیکە نیشتەجێبوون (سنندجی، ٢٠٠٦، ٨٣،٨٢/ فیلد، ١٩٨٦، ١٦،١٥).

شیاوی ئاماژەپێدانە بەشێک لە ئەندامانی سەربەم هۆزەش دوای ئاوەدانبوونەوەی سەیدسادق چوونەتە ئەوێ و وەک بەشێک لە دانیشتوانی شارەکە نیشتەجێبوون، خەریکی کار و پیشەی خۆیان بوون کە (هەلاجی) بووە، هەلاج، ئەو کەسەیە لە ڕێگای دارێکی درێژ یان لە ڕێگەی ئامێرێکی دەستییەوە شیکردنەوە بۆ لۆکە و خوری دەکات، بۆ دروستکردنەوەی یان تازەکردنەوەی دۆشەک و لیفە و سەرین.

نمونەی ئەو کەسانەی کە لوڕ بوون و هاتونەتە ناوچەکە، ئەمانەن، کەسایەتیەک بەناوی (مەجید عەلی ڕەحمان کەریم) ناسراو بە مەجید هەلاج، لەگەڵی داکەسایەتیەکی تر بەناوی (قادر ئەمین) ئەمیش ناسراو بووە بە قادری هەلاج، وەک دیارە نازناوی پیشەکەیان هەڵگرتووە و خەڵکی هەر بەوناوە بانگی کردوون، ئەمانە لە هۆزی لوڕ بوون و هاتونەتە شارەکە و ژیانی خۆیان بەڕێکردووە (سالار، دەستنووس، ٦٥).

**حەوتەم: هەورامی**

هەورامیەکان وەک هەموو هۆز و تیرەکانی دیکە ڕۆڵیان هەبووە لە ئاوەدانی و گەشەسەندنی شارەکە، یەکێک لەو کەسایەتییە دیارانەی کە هاتۆتە سەیدسادق (مامۆستا ساڵح زارایە)، کە یەکەمین مامۆستای ئاینی بووە چۆتە سەیدسادق و بووە بە پێش نوێژ و وتارخوێنی گوندەکە، لە دوای خۆشی کوڕەکەی مامۆستا موحەمەد بۆتە پێشنوێژ و وتارخوێن لە سەیدسادق (شارەزووری، ٢٠٢٣، ١٩،١٨)، ماڵی مامۆستا ساڵحی زارا لە ١٩٥٠ چوونەتە سەیدسادق و لەوێ نیشتەجێبوون، ئەو کاتە گوندەکە ماڵی کەمی لێبووە و مزگەوتی لێنەبووە، بەڵام دواتر بە هەوڵەکانی مەلا ساڵحی زارا و یارمەتی دانیشتوانەکەی توانرا مزگەوت دروست بکرێت و مەلا ساڵحیش بووە

مامۆستای مزگەوتەکە، دواتر موحەمەد کوڕی مامۆستا سالح لای باوکی دەستی کردووە بە خوێندنی قورئانی پیرۆز شارەزای تەواوی پەیدا کردووە لە بواری ئاینی، بووە بە وتار خوێن و مامۆستای ئاینی، پاشان لە چەند شوێنێکی تر وەک وتارخوێن کاریکردووە هەتا ئەوەی لە ١٩٧٥ چۆتەوە بۆ سەیدسادق و بووە بە پێشنوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی گەورەی ناحیەکە، ئەم کەسایەتیە لەناو خەڵکدا زۆر خۆشەویست بووە و نازناوی مامۆستا شارەزووریان لێناوە، ئەم مامۆستایە مینبەری مزگەوتی کردە سەنگەری خەبات و بەوتارەکانی ورەی خەڵکی بەرزدەکردەوە بەجۆرێک لەناوچەکانی سلێمانی و هەڵەبجە و پێنجوێن خەڵک دەهاتن بۆ گوێگرتن لە وتارەکانی، لەوتاری رۆژی هەینی هێرشێکی توندی دەکردە سەر رژێمی بەعس بەجۆرێک لە یەکێک لەوتارەکانی لەبەر زۆری هێرشەکانی لەوتارەکەدا پیاوانی بەعس هاتن گرتیان لەوکاتەدا کەسێک بەناوی خاڵە شێخ قادر وتی مەلا محەمەد لە نێوان خودا و بەعسدا گیری خواردووە ئەگەر ناهەق بڵێت خودا دەیگرێت، ئەگەر حەقیش بڵێت بەعس دەیگرێت لەبەر زۆری هێرشکردنە سەر حیزبی بەعس لەوتارەکانیدا و هاندانی خەڵک لەدژی حکومەت لەماوەی سی و پێنج رۆژدا شەش جار گیراوە دواتر بەناچاری سەیدسادقی بەجێهێشتووە و رۆشتۆتە شاری سلێمانی (شارەزووری، ٢٠٢٣، ٢٣-٢٧).

هەروەها کەسایەتیەکی دیکەی هەورامی لە شێخانی نەقشبەندی بەناوی (موستەفا ئاغا قادر ئاغا)، چۆتە سەیدسادق و پیشەی بەرگدروو بووە خەڵکێکی زۆری فێری پیشەکە کردووە هەتا رووخانی سەیدسادق لە ساڵی ١٩٨٨ لە شارەکەدا ماوەتەوە (شارەزووری، ٢٠١٥، ١١٧،١١٨). کەواتە دەتوانین بڵێین هەورامیەکانیش وەک هۆز و عەشیرەتەکانی دیکە پێگەیەکەی گرنگیان هەبووە لە شارەکەدا، بەتایبەتی کە ئەمان مامۆستای ئاینی و رێنیشاندەری خەڵک بوون لە بوارە ئاینیەکە و وشیارکردنەوەیان لە دژی زوڵم و ستەمی حکومەت رۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە.

**هەشتەم: دۆم**

دۆم هۆزێکی کوردین و خەڵکانێکی دیندار و ئازا و چاونەترسن، ئەو بیروبۆچونەی کە دەڵێت دۆمەکان قەرەچن وانیە، بەڵکو زۆر لەیەک جیاوازن، ئەمان گەرمیان و کوێستانیان کردووە، وەک میرزا شکروڵا سنندجی ئاماژەی پێدەکات دۆمەکان ئیش و کاریان کڵاش دروستکردنە، هەندێکیان لە سنەو ئەوناوچانە نیشتەجێن و بەشێکیشیان زستان لەگوندەکان دەمێننەوە، هاوینان و بەهاران کۆچ دەکەن، ئەمان باجی دیوەخانی ژیانی خۆیان هەر لەسەر پیشەی کڵاش کردنە، لەناویشیاندا تا ئێستا کەسی دیارو بەناوبانگ دەرنەکەوتووە (سنندجی، ٢٠٠٦، ٨٢،٨٣).

سەبارەت بە دۆمەکان لە ناوچەکانی سەیدسادقدا هەر لەسەرەتای دروستبوونی گوندەکەوە بونیان هەبووە، بەڵگەش بۆ ئەوە عەلائەدین سوجادی لە کتێبی رشتەی مرواری دەڵێت: (سەیدسادق لەو شارەزوورە دۆمی تێدا دادەنیشێت) (سەجادی، ٢٠١٠، ٥٠٧).

شیاوی باسکردنە بەهۆی زۆرمانەوە و بەردەوام بونی ژیانی دۆمەکان لە سەیدسادق، شوێنێک کراوە بەناویانەوە کە پێی دەڵێن کلکەی دۆمەکان یان گردی دۆمەکان، ئەمان زۆر دەست رەنگین بوون لە پاڵ پیشەی کڵاش دروست کردن لەناو سەیدسادق کاری تریشیان کردوە وەک ئاسنگەری بۆ دروستکردنی تەور و تەورداس، لەگەڵی دا دروست کردنی بێژن بۆ کاروباری دانەوێڵە، هەروەها دروستکردنی تەندور کە دانیشتوانی سەیدسادق سودێکی زۆریان وەردەگرت لەو کەرەستانەی ئەو دۆمانە دروستیان دەکرد بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ژیانی رۆژانەیان، بەم شێوەیە بژێوی ژیانی خۆیان دابینکردووە، ئەمانیش کەسانی دور لەکێشەو گرفت بوون بەشێوەکی دۆستانە و ئاشتی لە شارەکە ژیاون و هەتا ئێستا لە شارەکەدا ماون (عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٢/٢٣).

**نۆیەم: عەشیرەتی تەی (الطی):**

سەیدسادق لەدوای ئاوەدان بونەوەی و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی و پاشان بوون بەناحیەی و کردنەوەی فەرمانگە خزمەت گوزارییەکان، ئیتر پەیتا پەیتا لە هەموو لایەکەوە خەڵکی جیاواز رووی تێکردووە بۆ نیشتجێبوون، ئەوەبوو ژمارەیەک بنەماڵەی عەرەب چوونەتە سەیدسادق کە سەر بە عەشیرەتی (تەی) بوون، ئەمانە شوێنی نیشتەجێبونیان عێراقە، بەڵام بەهۆی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ناوچەکانی خۆیان بەجێهێشتووە و چوونەتە شوێنێک بەناوی (دووئاوان) لەدەشتی شارەزوور، پاشان بەهۆی دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخان و زیادبوونی ئاوەکەی و داپۆشینی شوێنەکەیان بەئاو، بەناچاری ئەوناوچەیان چۆڵیان کردووە و لە ساڵی ١٩٦٣ روویان کردۆتە سەیدسادق و ژمارەیان (١٢-١٣) ماڵ بوون و لەنزیک سەرچاوەی ئاوی حەسار واتە گەڕەکی حەسار و لەوێدا نیشتەجێبوون، ئەم ماڵە عەرەبانە لەناوخۆیاندا موختارێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی خۆیان موختارەکەش ناوەی (ئەحمەد حەمید) بووە، ئەمان بە بەخێوکردنی گامێشەوە خەریک بوون لەوکاتەدا سەیدسادقیش بۆ ئەوان لەباربوو لەبەرئەوەی سەرچاوەی حەسار ئاوی زۆری تێدابوو گۆمێکی گەورە و قوڵی هەبوو پڕ بوو لە قامیش و زەل و قەڕەم گامێشەکانی ئەوانیش لەوێدا دەمانەوە، چونکە گامێش پێویستی زۆری بەئاوە ئەمەش بۆ ئەوان زۆر باش بوو، ئەوشوێنەی گامێشەکانیان تێدا دادەنا گردێک بوو بە تێپەڕبوونی کات ناوی ئەو گردە کرا بەگامێش تەپە، جێگای ئاماژە پێدانە ئەم عەرەبانە خەڵکانێکی زۆر باش و بێ کێشەبوون بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ کێشە وگیر وگرفت نەبوون، بەڵکو تەنها سەرقاڵی کاروباری رۆژانەی خۆیان بوون، لەهەمان کاتیشدا دانیشتوانی سەیدسادق زۆرباش بوون لەگەڵیاندا و میواندۆستی و گیانی هاوکاریان پێشکەش دەکردن، بەم شێوەیە لەگەڵ خەڵکی سەیدسادق تێکەڵ بوون، دواتر بە تێپەڕبوونی کات بەشێکی زۆریان رۆشتنەوە بۆشوێنی خۆیان و هەندێکیشان نەوەکانیان تا ئێستا هەر لەشارەکە ماونەتەوە (غەیدان، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٢٢/ عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٢/٢٣/ سالار، دەستنووس،٤).

**دەیەم: هۆزو عەشیرەتەکانی تر:**

شیاوی باسکردنە بێجگە لە هۆز و عەشیرەتانەی کە باسکران، شارەکە چەندین عەشیرەتی دیکەی بۆ هاتوە، ئەوانیش رۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە گەشەسەندن و پێشکەوتنی شاردا لەوانەش عەشیرەتی غەوارە، کە بەشێکی زۆری گوندەکانی بناری سورێن و هەتا پێنجوێنیش سەر بەو عەشیرەتەن دانیشتوانی ئەو ناوچانەش چوونەتە سەیدسادق وەک گوندەکانی (پەلی هێرۆ، نائپاریز، کەوڵۆس، چواڵە، بانی بنۆک، نەوێ، بەردەبەل، چنارە، قاینەجە، قەڵبەزە، نزارە) چەندین شوێنی دیکە، هەروەها عەشیرەتەکانی دیکەش وەک (هاروونی، بڵباس، چوچانی، گەڵاڵی، بێسەری، یوسف جانی، هەمەوەند، پەرخی، مامۆیی، کەماڵیی، باشکی، قویلەیی، زەردۆیی، سۆفی وەند تیرەیەکن لە هەمەوەند، لەک، کەلهوڕ) ئەمانە هەموویان بە رێژەی جیاواز ناو و پێگەیان هەبووە لە شارەکەدا، لەگەڵی دا خەڵکێکی زۆر لە سلێمانی و گەرمیان و دەربەندیخان و رۆژهەڵاتی کوردستانەوە روویان لە ناوچەکە کردووە و هەمووان پێکەوە شارەکەیان ئاوەدانکردۆتەوە (سالار، دەستنووس، ٢).

کەواتە دەتوانین بڵێین سەیدسادق لەسەرەتای ئاوەدانبوونەوەی بۆتە لانکەی پێکەوە ژیانی هەموو هۆز و عەشیرەتەکان بەبێ گوێدانە جیاوازی باوەشی کردۆتەوە بۆ هەموو خەڵکە جیاوازەکان تێدا هەمووان بەبێ بوونی هیچ کێشەیەک ژیاون، ئەو هۆز و عەشیرەتانە بە سەیدسادق و گوندەکانیدا بڵاوبوونەتەوە و بوونەتە ڕەمزێک بۆ گیانی هاوکاری و بەڕێوەبردن و جێبەجێکردنی کاروبارەکانی خۆیان، هەریەکەیان لە ڕێگەی کارویپیشەی خۆی بژێوی ژیانی خۆی دابین دەکرد، لەگەڵی دا گیانی هاوکاری بۆ دەوروبەرەکەشی هەبوو، هەمووان پێکەوە بوونە مێژوویەکی جوانی پێکەوە ژیان هەتا ڕووخانی سەیدسادق لە ساڵی ١٩٨٨، وێران بوونی شار بەگشتی و دێهاتەکان ئەو هۆز و عەشیرەتانە بەشێوەکەی کۆمەڵایەتی و نزیک لەیەک خەریکی ژیانی خۆیان بوون.

## باسی دووەم:
## شێوازەکانی بونیاتنان و شوێنە ئاینی و گەشتیارییەکانی سەیدسادق

### تەوەرەی یەکەم: شێوازی بونیاتنانی سەیدسادق

ناوچەی سەیدسادق و زەویەکانی بەشی زۆری موڵکی بەگەکانی جاف بوو لەوانە (شەوکەت بەگ، مەحمودبەگ، حەمەسەعیدبەگ، لەگەڵ حەمەسەعید دەرەشیشی ژوورو (دواتر کەسێک بەناوی حاجی نامیق موڵکەکانی لە حەمە سەعید دەرەشیشی کڕیوە)، بەڵام لە دوای شۆڕشی چواردەی تەموزی عێراق ئیتر بەشی هەرە زۆری زەوییەکان لە ژێر کۆنترۆڵی نەمان و بوون بە موڵکی شارەوانی و خەڵکی سەیدسادق (ب،ن،س، ١٩٩٩، ١٩٢). دوای ئاوەدانبوونەوەی سەیدسادق و زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی گوندەکە هەنگاوی زیاتری بەرەو فراوانبوون هاویشت، ئەوەبوو لە ١٩٥٥بوە ناحیە.

بەشێوەیەکی گشتی سەیدسادق دابەش بووە بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا، لە باری ستوونیدا چەمی چەقان کردوویەتی بە دوو بەشەوە، لە باری ئاسۆییشدا ئەو شەقامەی کەلە سلێمانیەوە دەهات بۆ هەڵەبجە دەیکرد بە دوو بەشەوە: لەسەرەتادا ناحیەکە لەم گەڕەکانە پێکدەهات ئەوانیش:

### یەکەم: گەڕەکەکان:

گەڕەکی بەرکێو: ئەم گەڕەکە کۆنترین گەڕەکی سەیدسادقە لە سەرەتای دروست بوونی شارەکەوە دامەزراوە واتە ١٩٥٥، هۆکاری ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە قەدپاڵی شاخی سەیدسادق دایە، لە پردەکەی سەیدسادقەوە دەستپێدەکات بە تەنیشتی چەمی چەقاندا بەو ئاڕاستەی بەرەو پێنجوێن دەڕۆشت، بەتێپەڕبونی کات ژمارەی ماڵەکانی زیادی کردو بووە گەڕەکێکی گەورە و جوانی شارەکە.

گەڕەکی حەسار: ئەم گەڕەکە دووەم گەڕەکەی شارەکە بوو لە ساڵی ١٩٥٦ ژمارەی ماڵەکانی زیادی کردووە و دواتریش لە شەستەکاندا بنەماڵە عەرەبەکان چوونەتە ئەم گەڕەکە، سنووری ئەم گەڕەکە لەو ڕێگایەی بەرەو هەڵەبجە دەڕۆشت دەستی پێدەکرد و تەواوی دەروبەری سەرچاوەی ئاوی حەساری دەگرتەوە.

گەڕەکی سەرایی: دوای زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و بە ناحیەبوونی گوندەکە و دروستکردنی بینا و دامەزراوە حکومییەکان واتە لە دوای ١٩٥٦وە، ئەم گەڕەکە دروست بووە، زۆربەی فەرمانگە حکومییەکان و ماڵی بەرپرس و فەرمانبەرانی میری لەم گەڕەکەدا بوون، سنورەکەی لە دەروازەی شارەوە هەتا دەگەیشتە گردەکەی تەپەڕەش و بە کەناری چەمی چەقاندا پێیان دەگوت گەڕەکەی سەرایی.

گەڕەکی شەهیدان: ئەمیش یەکێکە لە گەڕەکە کۆنەکانی سەیدسادق لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو دروست بووە و ناوەکەی بەهۆی شەهیدبوونی چەند پێشمەرگەیەکی شۆڕشی ئەیلولەوە لێنراوە گۆڕەکانیشیان هەرلەوێدایە بۆتە گۆڕستانێکی گەورە، هەرچەندە لەناو خەڵکدا وەک پاشکۆیەکی گەڕەکی بەرکێو حساب دەکرا، بەڵام لە پسوڵەی کارەبا و ناونیشانی فەرمی دا ناوی گەڕەکی شەهیدان بووە.

گەڕەکی چەقان: ئەمیش یەکێکی تر بوو لەو گەڕەکانەی کە لە سەیدسادقدا دروست بووە و بە شێوەکی خێرا دانیشتوانەکەی زیادی کردووە، ناوەکەی لە ناوی چەمی چەقانەوە هاتووە، کە بەشارەکەدا دەڕوات و شارەکە دەکات بەدوو بەشەوە، لە بەشی خوارەوەی شەقامە گشتییەکەی ناوشارەوە دەستپێدەکات هەتا دەگەشتەوە بە گەڕەکەی حەسار (حەوتبرا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/١/٢٢/ سالار، دەستنووس، ٧٤).

ڕووبەری شارەکە لە سەرەتادا زۆر کەم بوو (٢،٢٣)کم چوارکۆشە بوو (حمید، کریم، ٢٠٢١، ٥) دواتر بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوانەکەی و دروست بووونی گەڕەکی نوێ وای کرد بەخێرای سنووری شارەکە و ڕووبەرەکەی زیاد بکات بە جۆرێک لە ساڵی ١٩٨٧ بووە (٣٥٠)کم چوارگۆشە (غەفور، ٢٠٠٢، ٧١).

هەروەها لە دوای ساڵی ١٩٧٠ وە شارەکە فراوانبوونی زیاتری بەخۆیەوە بینی بەتایبەتی لە گەڕەکی سەرایی بەهۆی چۆڵکردنی ئەو سەربازگەیەی کەلێی بوو، ئەمە وایکردبوو خەڵک زیاتر ڕوویان لەوێ کردووە، لەگەڵی دا گەڕەکی بەرکێو ڕۆژبەڕۆژ ڕووبەر و و ماڵەکانی زیادی دەکرد ئەمەش بەهۆکاری ئەوەی سوپای عێراق لە ١٩٧٤ بۆ١٩٧٦ بەهەمان شێوەی گەڕەکی سەرایی، ئەوشوێنە سەربازییەی بەجێهێشت کە لەو گەڕەکەوە نزیک بوو ئەمەش وای کرد ژمارەی دانیشتوانەکەی ڕوو لەزیادبوون بکات، لەهەمانکاتدا لە ساڵی ١٩٧٧ بەدواوە گەڕەکێکی نوێ و فراوان لە شارەکە دروست بوو بەناوی گەڕەکی شێخان، ئەم گەڕەکە بە یەکێک لە گەڕەکە گرنگەکان دادەنرا لە ئاڕاستەی پێنجوێنەوە کەبەرەو شارەکە دەهاتن دەستپێیکردووە، بە ئاڕاستەی ڕۆژئاوا.

هۆکاری دروست بوونی ئەم گەڕەکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەت عێراق دەستیکرد بە ڕاگواستنی گوندە سنوورییەکانی سنووری پێنجوێن و ناوچەی شلێر بۆ ئۆردووگای شانەدەری، بەڵام ماڵی کەسایەتی دیاری ناوچەی پێنجوێن و شلێر (شێخ عەبدولقادری چوێسە) لەگەڵ کەسایەتییە دەوڵەمەندەکانی گوندەکانی بناری سورێن نەچوونە ئەو ئۆردووگایەی کە حکومەت دروستی کردبوو، حکومەت لە سەیدسادقدا گەڕەکێکی بۆ ماڵی شێخ و مورید و دەروێش و لایەنگرەکانی و کەسوکارەکەی شێخ دروستکرد، لەوە بەدوا گەڕەکە ناونرا شێخان بەناوی ماڵە شێخەکانەوە، هۆکاری نەچوونی ماڵی شێخ و لایەنگرەکانی و کەسە دەوڵەمەندەکان بۆ ئۆردووگایەکە دەگەڕێتەوە بۆ:

١-شێخ عەبدولقادری چوێسە کەسێکی دیار بوو لەناو خەڵکدا و خەڵکی ڕێزێکی زۆریان لێ دەگرت، حکومەتیش نەیدەویست ئاڵۆزی و پشێوی لە ناوچە بۆ دروست ببێت دواجار ببێتە هۆی هاندانی خەڵکی و دژی حکومەت بووەستنەوە.
٢-دۆخێکی دەروونی خراپی بۆ بنەماڵی شێخ و بۆ دەوڵەمەندەکانی دیکە دروست ببوو، پێیان وابوو بە زۆر هێنراونەتە شوێنەکە، ئەوەش ناڕەزایەتی ئەوانی لێکەوتەوە.
٣- لە لایەکی ترەوە بارودۆخی ئابوری سەیدساق لە ئۆردووگاکە باشتر بوو، بەتایبەتی بۆ دەوڵەمەندەکان بۆ ئەوەی کاروبارەکانی خۆیانی تێدا ئەنجام بدەن (حەسەن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١/ شارەزووری، ٢٠١٥، ٢٨).

شیاوی باسکردنە لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی گشتی خانووەکان زۆر سادە و ساکاربوون وەکو ناوچەکانی تری کوردستان شێوەیەکی سادەیان هەبوو، کە بریتی بوو لە سێ ژوور و هەیوانێک لە خشتی قوڕ دروست دەکران، یەک نهۆمی بوون، سەربانەکانیشی بە دار و خۆڵ و زەل و قوڕ دادەپۆشران، ڕووی ناوەشی بە خۆڵی سپی کە وەک گەچ وابوو سواق دەدران، بەڵام خانووی گوندەکان زۆرتر لە ژوورێکی میوان و ژوورێکی دیکە کە بۆ خواردن و خەوتنی خۆیان بەکاردەهات پێکدەهات، ئەمانیش هەر لە قوڕ و بەرد دروستدەکرا،ن واتە بەگشتی خانووەکان سادە و ساکار بوون، دواتر بە تێپەڕبوونی کات و پێشکەوتنی ژیان گۆڕانکاری لە شێوازەکانی بونیاتناندا ڕوویدا لە دروستکردنی خانوو و فەرمانگە حکومییەکان و مزگەوت و قوتابخانەکان شیش و چیمەنتۆ و بلۆک بەکارهات و گۆڕانکاری گەورە ڕوویدا.

بەهەمان شێوە لە سەرەتادا دوکانەکانیش هەروا سادە بوون، بەجۆرێک لە ١٩٧٢ نزیکەی (٧٠) دووکانی لێبووە، کە لەگڵ دروستکرابوون، بە زەل و پوش سەریان گیرابوو، بەڵام ئەمانیش دواتر گۆڕانکاری تیایاندا ڕوویدا و بەشێوەیەکی جوانتر دروستکران، بلۆک بەکارهات بۆ کردنەوەی دووکانەکان و خانوو و فەرمانگە حکومەییەکان بەشێوەکی باشتر و جوانتر بنیاتنران هەتا ئەو کاتەی حکومەت لە ساڵی ١٩٨٨ بەتەواوی ماڵ و دووکان و گەڕەکەکانی لە ناوبرد و خاپوری کرد و هیچ شتێکی نەهێشتەوە (محەمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥).

## دووەم: گوندەکان

جێگای ئاماژەپێدانە زۆربەی ئەو گوندانەی کە سەر بە ناحیەی سەیدسادق بوون مێژوویان لە مێژووی شارەکە کۆنترە و ژیانکردن و ئاوەدانبوونەوەیان پێش سەیدسادقە، گوندانەکان بەشی زۆریان مێژوویان دەگەڕێتەوە بۆ پێش دروستبوونی سەیدسادق، بۆنموونە (شانەدەری، کەچەڵی، ماو، کێلەکەوە، بنەجووت، کانی پانکە، مایندۆڵ، کەولۆس، توتاقاج.....هتد)، هەندێکیشیان دوای ناحیەکە دروست بوون، نمونە (قوماش، مووانی ڕۆستەم، مووانی مەلاتاهیر، باوەکۆژراو، تەپیکەرەم، مەستەکان، هەیاس، مووانی میرزا.....هتد)، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو سیاسەتە خراپەی حکومەتی عێراقی پەیڕەوی کرد بەرانبەر بەدێهاتەکانی کوردستان و سەیدسادق ئەمەوای کرد دێهاتەکانی سەیدسادق ڕوخێنران، ژمارەیەکی زۆریشیان دواتر ئاوەدان نەکرانەوە، نمونەی (قلرخی خواروو، کەڵوڕان، شاتووان، کەڵتەکی سەروو، دۆڵاش، گردی شەریف، شاملۆ، سویلەمیشی کۆن، باوەکۆژراو، بنەجووت، مزگەوتە، کەڵتەکی خواروو، عەلیاوا، بێرەشکە، مەستەکانی خواروو، بەرکەوران، قوماشی حەمە ڕەشید بەگ، مزگەوتە، هەیاس)، پاشان بەهۆی دروستکردنی بەنداوی دەربەندیخانەوە ژمارەیەک لەو گوندانە کەوتنە سنوری بەنداوەکە و چۆڵکران، ئەوانیش: (سۆیلەمیش، بێرەشکە، کەڵتەکە، شاتووان، کشەیەری، تەپەکەڵی شێخ، دۆڵاش، قاجر) دانیشتوانی ئەو گوندانە بەناچاری هاتنە ناوسەنتەری ناحیەکە (ئەرشیفی قایمقامیەتی سەیدسادق/ ب،ن،س، ،١٩٩٩، ١٩١-١٩٣).

هەرچەندە بەشێکی زۆری زەوییە کشتوکاڵییەکانی دەشتی شارەزوور و گوندەکانی دەوروبەری ناحیەی شارەزوور (سەیدسادق) لە ڕووی ئابوورییەوە لەسەر ئاستی عێراق گرنگییەکی کشتوکاڵی زۆر گەورەیان هەبوو، بەڵام بە پێچەوانەی ئەوەی چاوەڕوانکراوە بەهۆی پشتگیریی دانیشتوانی ناحیەکە و گوندەکانی دەوروبەری بۆ شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ حکومەت کەوتە دژایەتی خەڵکی ناوچەکە، ئەوەبوو بەپێی نوسراوەکانی (١١٥٨ لە ١٩٦٤/٤/١) و (٥٠٨١٥ لە ١٩٦٤/١٠/٦) کە لە موتەسەڕیفیەتی لیوای سلێمانییەوە دەرچوون بڕیار درا (١٤٩) گوندی شارەزوور بەبیانووی پشتگیری شۆڕش و دژایەتی حکومەت وێران بکرێن و بسوتێنرێن، کە لەنێویاندا (١٤) گوندی ناحیەی شارەزوور (سەیدسادق)یشی گرتەوە و کە حکومەت سوتاندنی و خاپووری کردن، دانیشتوانەکەی برد بۆ ئۆردووگا زۆرە ملێییەکان، گوندەکانیش ئەمانەن: (گردی شریف، دۆڵاش، شاملۆی محەمەد بەگ، گردی سادق، شاملۆی مەحمود عەلی، گردی (گوندی) حەمەڕەزا، کەڵوڕان، سۆیلەمیش، کەڵتەکەی فەقێ ئەحمەد، کەڵتەکەی مەحمود ڕەش، کەڵتەکەی محەمەد سۆفی، کشەیەری، تەپەکەلی، قاجر) (ڕەمەزان، ٢٠٠٢، ٩٢).

**خشتەی ژمارە (١)**
**ناوی گوندەکان**

| ناوی گوندەکان |
|---|
| گردەنازێ |
| قەدەفەری |
| ئاوای حاجی قادر |
| ئاوای حاجی نامیق |
| قاینەجە |
| کانی سپیکە |
| چواڵە |
| گرێزە |
| پەلی هێرۆ |
| شانەدەری |
| کەولۆس |
| ماو |
| توتاقاج |
| شێرەبەرە |
| واڵە |
| موانی مەلا حەسەن |
| کانی پانکە |
| موانی ڕۆستەم |
| موانی میرزا |
| گردی شەریف |
| گڵە زەردە |
| بەرکەوران |
| تەپەڕەش |
| علیاوا |
| تاسلوجە |
| موانی مەلا تاهیر |
| مایندۆڵ |
| کەوچ تاش |
| مەستەکان سەروو |
| شانەدەری سەروو |
| هەیاس |
| وچقوبە |
| دۆڵاش |
| کەڵوڕان |
| شاملۆ مەحمود عەلی |
| ئوجتەپان |

| |
|---|
| قوماش |
| شاتوان |
| سۆیلەمیش |
| قاجر |
| سەراو |
| ناوگردان |
| سواری |
| گامێشتەپە |
| بێ ڕەشکە |
| قالیجۆ |
| کێلەکەوە |
| بانی بنۆک |
| تەپیکەرەم |
| قلرخ |
| باوەکۆژراو |
| بنەجووت |
| مزگەوتە |
| موانە کۆن |
| کەچەڵێ |
| کەڵتەکەی مەحمود ڕەش |
| کەڵتەکەی فەقێ ئەحمەد |
| کەڵتەکەی محمد سۆفی |
| تەپەکەلێ |
| کشەیەری |
| شاملۆی محمد بەگ |
| مەستەکانی خوارو و |

(کاری توێژەر بەپاڵپشتی، ب،ن،س، ۱۹۹۹، ۱۹۲،۱۹۳).

جێگای ئاماژەپێدانە ئەوەی تایبەتە بە سەرژمێری و ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەکە و گوندەکانی، بەجۆرێک بوو لە سەر ژمێرییەکانی ساڵانی پێش ۱۹۵۷ هیچ ئامارێکی وا لەبەردەست نییە، بەڵام لە دوای ئەوە لە ۱۹۵۷ سەرژمێری کراوە هەتا ۱۹۸۷ ژمارەی دانیشتوانی ناحیەکە و گوندەکانی دیاری کراوە بەم جۆرە بووە کەلەم خشتەیەدا خراوەتە ڕوو:

**خشتەی ژمارە (۲)**

**دانیشتوانی ناحیەی سەیدسادق و گوندەکان**

| ساڵ | سەنتەری ناحیەکە | گوندەکان | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| ۱۹۵۷ | ۱۱۵۲ | ۷۷۷۱ | ۸۹۲۲ |
| ۱۹٦٥ | ۱٦۰٤ | ۹٥۲۷ | ۱۱۱۳۱ |
| ۱۹۷۷ | ۷۸۹٥ | ۱٤۸۰٦ | ۲۲۷۰۱ |
| ۱۹۸۷ | ۲٦۱۹۳ | ۱۹٥۲۷ | ٤٥۷۲۰ |

(بەڕێوبرایەتی ئاماری سلێمانی، زانیاری بڵاونەکراوە).

دەتوانین بڵێین بەپێی سەرژمێرییەکان ساڵ دوای ساڵ ژمارەی دانیشتوانی سەنتەری ناحیەکە و گوندەکانیشی زیادی کردوە، هۆکارەکەشی بۆ پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان و زۆربونی خواردن و دەرمان دەگەڕێتەوە، کەوایکردووە ڕێژەی مردن کەم ببێتەوە و کۆچکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دیکە بەرەو سەیدسادق و مانەوەیان وەکو دانیشتووی ئەو شارە، ئەمانە بوونەتە هۆکارێک بۆ ئەوەی ژمارەی دانیشتوانی سنورەکە بەردەوام ڕوو لەزیادبوون بکات.

### سێیەم: شەقامەکان

لە دوای دروست بوونی شارەکە و گەڕەکان هەتا ساڵی ۱۹۸۸ و خاپوورکردنی شارەکە ژمارەیەک شەقامیش دروست بوون، ئەم شەقامانە ببونە پردی پێکەوە بەستنی ناحیەکە بە گوندەکانی دەوروبەر و ئەو شارانەی کەلە سنورەکەوە نزیک بون وەک پێنجوێن و سلێمانی و هەڵەبجە (عەلی، چاوپێکەوتن، ۲۳ /۲۰۲٥/۲/ ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە). شەقامەکانیش ئەمانەن:

**خشتەی ژمارە (۳)**

**ناوی شەقامەکان**

| ناوی شەقامەکان | ساڵی دروستکردن | شوێنی جوگرافی |
|---|---|---|
| نالی | ۱۹٥۰ | لەدەروازەی شار و لە ڕۆژئاوای شاری سەیدسادق دەستی پێدەکرد بەرەو ڕۆژهەڵات تا سەر پردەکەی ناو بازاڕ |
| ماموستا قانع | ۱۹٥٥ | لەچردەکەی ناو بازاڕەوە دەستی پێدەکرد بەرەو گەڕەکی بەرکێو |
| شێخان | ۱۹۷۷ | لەدوای هاتنی ماڵە شێخەکان بۆ سەیدسادق و دروست بونی گەڕەکێک بەناوی ئەوانەوە شەقامێکیش هەر بەوە ناوە دروست دروست بو لەناو بازاڕەوە بەرەو باکور شاری سەیدسادق بوو دروستبونی ماڵ |
| تەپەڕەش | ۱۹٥٦ | لەگوندی تەپەڕەشەوە بەرەو ڕۆژئاوا دەڕۆشت تا دەگەشتە سەر شەقامی گشتی سلێمانی |
| وەلی دێوانە | ۱۹٥٥ | ئەم شەقامە لەکۆتایی سەقامی نالی دەستی پێدەکر لە پردەکەی ناوبازاڕ بەرەو ڕۆژهەڵات و ئەو ڕێگایەی کە بەرەو هەڵەبجە دەڕۆشت |

(سالار، دەستنووس، ۷٥ / ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سەیدسادق، دەستنووس، زانیاری بڵاونەکراوە).

### چوارەم: مزگەوت وتەکیەکان

ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و سەیدسادق بەتایبەتی لەبەرئەوەی ئیسلامن، ئەمە وای کردووە دین بە بەشێکی گرنگی ژیانی خۆیان بزانن، بۆیە دوای ئاوەدانبوونەوەی سەیدسادق لە ساڵی ۱۹٤٦وە، خەڵکەکەی بیریان لە دروستکردنی مزگەوت کردەوە بۆ عیبادەت کردن، لەگەڵی دا دروست کردنی تەکیە بۆ خوداپەرستی، هەر لەبەرئەمە لەدوای بەناحیەبوونی لە ساڵی ۱۹٥٥ تاوەکو ڕووخانی لە ۱۹۸۸ چەندین مزگەوت و تەکیە دروستکران کەلەم خشتەیەدا دەیانخەینەڕوو:

**خشتەی ژمارە (٤)**

**مزگەوت و تەکیەکانی سەیدسادق**

| ناوی مزگەوتەکان | ساڵی دروستکردن | شوێنی جوگرافی |
|---|---|---|
| مزگەوتی گەورە | ۱۹٥۷ | لە ناوەڕاستی شاری سەیدسادق وەک یەکەم مزگەوت دروستکراوە. |
| بەرکێو | ۱۹۷۰ | لە سەرەتای ئەو شەقامە دروستکرا کە بەرەو پێنجوێن دەڕۆشت واتە لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکە. |

| | | |
|---|---|---|
| حاجی شێخ تاهیر | ١٩٧١ | ئەم مزگەوتە لەسەر ئەو شەقامە دروستکرا کە بەرەو هەڵەبجە دەڕۆشت واتە لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەیدسادق. |
| حاجی فەتاح | ١٩٧٢ | لە باشوری مزگەوتی گەورە ئەم مزگەوتە دروستکراوە. |
| گەیلانی (شەهیدان) | ١٩٧٥ | ئەم مزگەوتە لە گەڕەکی بەرکێو واتەی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی شارەکە دروستکرا. |
| فارووق | ١٩٧٧ | لە گەڕەکی شەهیدان لە نزیکی شاخی سەیدسادق بوو. |
| شافیعی | ١٩٧٧ | لە گەڕەکی سەراپی و باکوری گردی تەپەڕەش دروستکراوە. |
| غەزالی | ١٩٧٨ | لە گەڕەکی سەراپی دروستکراوە. |
| ئیمام ئەحمەد | ١٩٧٨ | لەگەڕەکی حەسار دروستکراوە. |
| مەولەوی | ١٩٧٩ | لە سەر ڕێگای گوندی تەپەڕەش و لە نزیکی چەمی چەقان باشوری شارەکە دروستکرا. |
| دارولئیحسان | ١٩٧٩ | لە گەڕەکی بەرکێو دروستکراوە. |
| سەلاحەدین | ١٩٨٠ | لە گەڕەکی حەسار دروسکراوە. |
| عەلی کوڕی ئەبو تالیب | ١٩٨١ | لە گەڕەکی حەسار دروسکراوە. |
| مەولانا خالد | ١٩٨١ | لە گەڕەکی حەسار دروسکراوە. |
| حاجی شێخ ڕەحیم | ١٩٨١ | لە نزیک چەمی چەقان لە پەشت پردەکەی ناو بازاڕی شارەکەوە دروسکراوە. |
| بیلالی حەبەشی | ١٩٨٢ | لە گەڕەکی چەقان دروستکراوە. |
| عومەری کوڕی خەتاب | ١٩٨٦ | لە گەڕەکی حەسار دروسکراوە. |
| ئەبوبەکری صدیق | ١٩٨٧ | لە گەڕەکی چەقان دروستکراوە. |
| تەکیەی شێخ کاکە حەمەی کرێچنە | ١٩٧٩ | لە گەڕەکی چەقان دروستکراوە. |
| تەکیەی شێخ عەبدولقاردی چوێسە | ١٩٧٩ | لە گەڕەکی شێخان دروستکراوە. |

(سالار، دەستنووس، ٤٣-٥٠/ حەوتبرا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/١/٢٣/ عەلی، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٢/٢٣).

دەتوانین بڵێین خەڵکی شارۆچکەکە زۆر گرنگیان داوە بە دروستکردنی مزگەوت و تەکیەکان و ئاوەدانکردنەوەی ئەو شوێنە ئاینییانە بۆ خودا پەرستی و کۆکردنەوەی مورید و دەروێشەکان بۆ جێبەجێکردنی مەراسیمە ئاینییەکانی خۆیان.

### پێنجەم: قوتابخانەکان

قوتابەخانەکانیش وەکو هەر لایەنێکی تری خزمەتگوزاری بە هاوڵاتیان و دانیشتوان لە دوای فراوانبوونی سەیدسادق، قوتابخانەکان بوونە سەرچاوەی پێگەیاندنی منداڵان و ڕزگارکردنی هاوڵاتیان لە نەخوێندەواری، جا قوتابخانەکانی ناو ناحیەکە بن یاخود گوندەکانی سنوورەکەی، ئەو قوتابخانانەش هەروەک لەم خشتەیەدا خراونەتە ڕوو ئەمانە بوون:

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ناوی قوتابەخانەکانی سەیدسادق**

| ناوی قوتابخانەکان | ساڵی دامەزراندن |
|---|---|
| سەیدسادق سەرەتایی | ١٩٥٥ |
| نەهێشتنی نەخوێندەواری | ١٩٥٨ |
| سەیدسادق سەرەتایی کچان | ١٩٦٧ |
| ناوەندی سەیدسادق تێکەڵاو | ١٩٦٩ |
| برایەتی سەرەتایی | ١٩٧٠ |
| بەرهەمی سەرەتایی | ١٩٧٧ |
| ١٧ی تەموز- عەرەبی بوو | ١٩٧٨ |
| قانعی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| بێگەردی سەرەتایی | ١٩٨٠ |
| شەمی سەرەتایی | ١٩٨٠ |
| ڕاستگۆی سەرەتایی | ١٩٨٠ |
| چیای سەرەتایی | ١٩٨١ |
| دواناوەندی سەیدسادق تێکەڵاو | ١٩٨٣ |
| **قوتابخانەی گوندەکان** | **ساڵی دامەزراندن** |
| شانەدەری کۆنی سەرەتایی | ١٩٥٢ |
| مووان | ١٩٥٣ |
| گریزەی سەرەتایی | ١٩٥٥ |
| قاینەجەی سەرەتایی | ١٩٥٥ |
| ناوگردانی سەرەتایی | ١٩٥٦ |
| گامێش تەپەی سەرەتایی | ١٩٥٦ |
| توتاقاجی سەرەتایی | ١٩٥٨ |
| سەراوی سەرەتایی | ١٩٥٩ |
| وەڵەسمتی سەرەتایی | ١٩٦٠ |
| گردەنازێی سەرەتایی | ١٩٦٧ |
| کەوڵۆسی سەرەتایی | ١٩٧٠ |
| تەپەڕەشی سەرەتایی | ١٩٧٢ |
| کانی سپیەکەی سەرەتایی | ١٩٧١ |
| مووانی ڕۆستەمی سەرەتایی | ١٩٧١ |
| قلرخی سەرەتایی | ١٩٧٦ |
| مووانی مەلاتاهیری سەرەتایی | ١٩٧٧ |
| موانە کۆنی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| کوانی حەمەی حەسەنی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| کەوچکتاشی سەرەتایی | ١٩٧٩ |
| تاسلوجەی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| بێرەشکەی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| شاتوانی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| کەلوڕان سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| مەستەکانی خوارووی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| قوماشی خوارووی سەرەتایی | ١٩٧٩ تاوەکو ١٩٨١ داخراوە |
| خانەقەبیلەی سەرەتایی | ١٩٧٩ تاوەکو ١٩٨١ داخراوە |
| قوماشی سەرەتای | ١٩٨٠-١٩٨١ تەنها ئەم ساڵە هەبووە |
| دواناوەندی شانەدەری تێکەڵاو | ١٩٧٧ |
| سورێی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| سەرۆکی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| عومەری کوڕی خەتابی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| شارەزووری سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| وەلی دێوانەی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| کانیاوی سەرەتایی | ١٩٧٨ |
| کەچەڵی سەرەتایی | ١٩٧٨ |

(مەحمود، ٢٠٢٣، ٥،٤ / ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە).

دەتوانین بڵێین، بواری خوێندن و خوێندەواری لە خودی ناحیەکە و گوندەکانی گرنگی زۆری پێدراوە، لەهەمانکاتیشدا جگە لە خوێندنی کوردی قوتابخانەش بە زمانی عەرەبی کراوەتەوە بۆ ئەو عەرەبانەی کە لە دەیەی شەتەکاندا چوونەتە ناحیەکە، بۆ ئەوەی ئەوانیش وەک هەموو منداڵانی تر مافی خوێندنیان هەبێت توشی گرفت نەبن، لەگەڵی دا قوتابخانەش بۆ نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ کەسە بەتەمەنەکان گرنگی پێدراوە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە پێدانە لەدوای ساڵی ١٩٨٠ گرنگی زۆر نەدراوە بەدروستکردنی خوێندنگە و قوتابخانەکان، ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەوکاتەدا حکومەتی عێراقی کەوتبووە شەڕکردن لەگەڵ حکومەتی ئێران و هێندەی سەرقاڵبوو بەلایەنی شەڕ روبەڕووبونەوەی ئێران، ئەوەندە گرنگی نەدەدا بەلایەنی پەروەردەیی و رۆشنبیری، بەتایبەتی کە ناوچەی سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەری ناوچەی سنوری بوون و نزیکی ئێران بوون، هەر بۆیە ئەوناوچانە ببوونە جێگای شەڕ و رووبەڕووبونەوەی نێوانیان، حکومەت بواری ئەوەی نەبوو کە قوتابخانەی نوێ دروستبکات.

## تەوەرەی دووەم: شوێنە ئاینی و گەشتیارییەکانی سەیدسادق

### یەکەم: گۆڕ و مەزارگە ئاینییەکان

له سنووری سەیدسادق چەندین شوێنی ئاینییان هەبووە کە خەڵکی ناوچەکە بەگشتی و خەڵکی ناوچەکانی دیکە سەردانیان کردووە، کە زیاتر وەک پیرۆزیی و بۆ چارەسەری نەخۆشی لەو شوێنانەدا پاڕاونەتەوە بەو هیوایەی ئاواتەکانیان بێتەدی، لەهەمان کاتیشدا ئەم شوێنانە وەک شوێنی گەشتیاری وابوون، کە خەڵکی سەردانی کردوون و لە پاڵ نزاو پاڕانەوکانیان لەوێدا ماونەتەوە و کاتەکانی خۆیان بەسەر بردووە، ئەو شوێنانەش ئەمانەن:

١- گۆڕی کەسایەتی سەیدسادق لە بەشی پێشتر ئاماژەمان بۆ ئەم کەسایەتییە کردووە، گۆڕەکەی لە سەر لوتکەی شاخی سەیدسادقە لەناوەڕاستی شارەکەدا، ناوی شارەکەش بەناوی ئەمەوە ناونراوە، گۆڕەکەی بووەتە شوێنێکی پیرۆز و خەڵکی روویان تێکردووە بۆ نزا و پاڕانەوە و ڕازی خۆیان لەوێدا دەربڕیوە، لەسەر ئەم گۆڕە داوایان لەخوادا کردووە کە منداڵیان پێببەخشێت و نەخۆشییەکانیان چارەسەر بکات، لەهەمان کاتیشدا ئەوشوێنە ببوە شوێنێکی گەشتیاری، خەڵکی لە پشوەکان و نەورۆز و بۆنە و جەژنەکان بۆ بەسەر بردنی کاتەکانیان دەچوونە ئەو شاخەی گۆڕەکەی لێبوو لەوێدا سەردانی گۆڕەکەیان دەکرد، هەروەها لە زۆر شوێنی ترەوە خەڵک هاتونەتە سەردانی و بە پیرۆز سەیریان کردووە.

٢- گۆڕێکی دیکە لە ڕۆژئاوای سەیدسادق بەدیاری کراوی لە نزیک گوندی گرێزە هەیە بەناوی کامیار، کە خەڵکی سەردانیان دەکرد بۆ مەبەستی پاڕانەوە و گیرابوونی نزاکانیان، یان وایان لێکداوەتەوە ئەم گۆڕە داوا لەخودا بکات منداڵیان پێببەخشێت و چارەسەری نەخۆشیەکانیان بکات، لەبەرئەوە دانیشتوانی ناوچەکە بە پیرۆز سەیریان کردووە.

٣- گۆڕی مەحمودی سەرەواڵە لە ڕۆژئاوای شاری سەیدسادق و بەدیاریکراوی لە گوندی مووانی مەلاتاهیر، ئەم گۆڕەش لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە بە پیرۆز سەیر کراوە و بە بەردەوامی سەردانیان کردووە و لەوێدا نزا و پاڕانەوەی خۆیان ئەنجام داوە، بە هیوای قبوڵبوونی نزا و داواکاریەکانیان بەردەوام سەردانیان کردووە.

٤- هەروەها لە باکووری شاری سەیدسادق و بەدیاریکراوی لە گوندی کەوڵۆس، گۆڕێکی لێیە کە دانیشتوانی ناوچەکە بە پیرۆز سەیریانکردووە، بەردەوام سەردانیان کردووە و لەوێدا نزا و پاڕانەوەی خۆیان ئەنجام داوە، ئەویش گۆڕی شێخ یەحیایە، خەڵکی ناوچەکە وایان لێکداوەتەوە کەسایەتییەکی ئاینیە و لای خودا گەورە پیرۆزە، هەر لەبەرئەوە بەردەوام سەردانییان کردووە لەسەر گۆڕەکەی ئەو داوایان لە خودا کردووە چارەسەری نەخۆشیەکانیان بکات و منداڵیان پێببەخشێت (ساڵح، چاوپێکەوتن،٢٠٢٥/٤/٥).

٥- لە ڕۆژهەڵاتی شاری سەیدسادق و لە گەڕەکی حەسار گۆڕێکی لێبووە، بەناوی وەیس خەڵکی ناوچەکە سەردانیان کردووە و لەوێدا نزا وپاڕانەوەیان ئەنجام داوە، بەڵام لەدوای ساڵی ١٩٧٠ گەڕەکە فراوان بوو ماڵی زیاتر هاتنە شوێنەکە و ئەو گۆڕە چواردەورەکەی ماڵی تێهات، لە ئەنجامدا شوێنی گۆڕکە بەرەو لەناوچوون ڕۆشت و سەردانیکردنی نەما (دەروێش،٢٠٠٢،٤٧).

٦- گۆڕی حاجی عەبدوڵا، ناسراو بە حاجی عەبدوڵڵا شارەزووری لە سەر ڕێگای گوندی ناوگردان و لە بەشی ڕۆژهەڵاتی سەیدسادق بەشاخەکەوە نێژراوە، مێژووی ئەم گۆڕە بۆ سێ سەدە و نیو بەر لە ئێستا دەگەڕێتەوە، مەلا عەبدولکەریمی مودەریس هەندێ زانیاری لە بارەی حاجی عەبدوڵاوە دەخاتە ڕوو و دەڵێت: (حاجی عەبدوڵڵای شارەزووری کە ئێستا کۆچی دوایی کردووە و لە کێوی سەیدسادقدا نێژراوە،) کەواتە ئەمە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی گۆڕی حاجی عەبدوڵڵا لە شاخی سەیدسادق نێژراوە، خەڵکی ناوچەکە بە پیرۆز سەیریان کردوە بۆ نزا و پاڕانەوەکانیان سەردانیان کردووە (مودەڕیس، ١٩٨٤، ٢٩٩، ٣٠٠).

٧- یەکێکی تر لەو گۆڕانەی کە لە سەیدسادق دایەو گرنگی تایبەتی خۆی هەیە، گۆڕی کەیخەسرەو بەگی سەرۆکی هۆزی جافە، ئەم کەسایەتییە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی شارەکە و لە نزیک سەرچاوەی ئاوی حەسار نێژراوە، لە کتێبی (تأریخی جاف)دا باسی گۆڕی کەیخەسرەو بەگی جاف کراوە و ئاماژە بەوەکراوە، کەیخەسرەو بەگی جاف لە ساڵی (١٢٤٤) هەتاوی و لە تەمەنی ٤٤ ساڵی دا کۆچی دوای کردووە، گڵکۆکەی لە سەر تەپۆڵکەیەک لەسەر سەرچاوەی ئاوی حەسار لەشاری سەیدسادق لە ناوچەی شارەزوور نێژراوە (بیگ، ٢٠١٢، ٥٢).

٨- هەروەها شوێنێکی پیرۆزی دیکە لە بەشی ڕۆژئاوای سەیدسادق و بەدیاریکراوی لە گوندی کانی پانکە هەیە، بەناوی (شێخ ڕەش) ئەمیش لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکە بە پیرۆز سەیرکراوە.

٩- لە گوندی شاتووانیش شوێنێکی پیرۆزی لێیە، بەناوی (کانی پیر) کە دانیشتوانی ناوچەکە سەردانیان کردووە نزا و پاڕانەوەیان تێدا ئەنجامداوە (ب،ن،س، ١٩٩٩، ١٩٥).

کەواتە دەتوانین بڵێین، سەیدسادق چەندین مەزار و گۆڕی لێیە کە خەڵکی ناوچەکە بە چاوێکی پیرۆز سەیریانکردووە، بۆ نزا وپاڕانەوەکانیان سەردانیان کردوون.

### دووەم: شوێنە گەشتیارییەکان

شوێنی گەشتیاری یەکێک بووە لە پێداویستەکانی ژیانی دانیشتوانی سەیدسادق و گرنگی زۆریان پێداوە بۆ ئەوەی بتوانن کاتی خۆیانی تێدا بەسەر بەرن، وەک پێشتر ئاماژەمان پێدا زیاتر گۆڕ و مەزارگە ئاینییەکانیان کردبوو بە شوێنی گەشتیاریی و حەوانەوەی خۆیان، واتە زیاتر سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد و لەوێدا دەمانەوە، بەڵام لەگەڵ ئەمانەدا چەند شوێنێکی لێبووە کە دانیشتوانەکەی وەک شوێنێکی گەشتیاریی سودیان لێوەرگرتووە، یەکێک لەو شوێنانە لە بەشی ڕۆژئاوای سەیدسادق و بەدیاریکراوی لە گوندی سەراوی سوبحان ئاغای سەربە ناحیەکەیە و شوێنێکی گەشتیارییە، بە سەیرانگای سەراوی سوبحان ئاغا بەناوبانگ بووە، بەهۆی ئەوەی سەرچاوەی ئاوی باشی لێبووە و شوێنەکە دار و سەوزایی زۆری لێبووە ئەمە وایکردوە

هاوڵاتیان لە زۆربەی شوێنەکانەوە روویان تێکردووە و کاتی خۆیان تێدا بەسەر بردووە. لەلایەکی تر لەبەشی ڕۆژهەڵاتی شاری سەیدسادق و لەسەر ئەو ڕێگایەی بەرەو هەڵەبجە دەڕوات شوێنی گەشتیاری بووە لەناوچەکانی نزیک پردی زەڵم، ئەمەش بەهۆی بوونی ئاو و فێنکی ناوچەکە، لەهەمانکاتیشدا بەشی زۆری گوندەکانی سەر بە سەیدسادق وەک شوێنی گەشتیاری بوون بەتایبەتی لە وەرزی بەهار دا ( دەرویش، ٢٠٢٢، ٤٧/ عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥)

## باسی سێیەم: دابونەریتی ناوچەی سەیدسادق

ئەوەی تایبەتە بەمەسەلەی دابونەریتی خەڵکی ناوچەکە، وەکو ناوچەکانی تری کوردستان دابونەریتێکی هەبووە، لە سەرەتاوە بەهۆی کەمی ژمارەی دانیشتوانەوە خەڵکەکەی زۆر لەناویەکەدا تێکەڵبوون، لە هەموو بوارەکانی ژیان و شایی و شیندا هاوکار و یارمەتیدەری یەکتربوون، بەهۆی پێشنەکەوتنی تەکنەلۆژیا و ئامێرەکان وایکردبوو زۆربەی کاروبارەکانیان بە هەرەوەزی و بەیەکەوە ئەنجام بدەن، وەک (شەتڵێندان، بژارکردن، درەوکردن، مەرەزەکرن، لۆکەچنین، دروستکردنی خانوو...هتد)، بەڵام دواتر و بەتایبەتی لە دەیەی هەشتا بەدواوە بەهۆی زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان و فراوانبوونی ناوچەکە، ئەو تێکەڵاوییەی پێشتری نەما، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا و هاتنی ئامێرەکان و زۆربوونی تراکتۆر و ئۆتۆمبیل وایکرد ئیشوکارەکانی تایبەت بە کشتوکاڵکردن لەڕێگەی ئامێرەکانەوە ئەنجام بدرێت (شارەزووری، ٢٠١٥،٧٨).

سەیدسادقیش وەک هەموو ناوچەکانی تر کۆمەڵێک دابونەریتیان هەبووە، تەناتەت هەندێکیشیان تایبەت بووە بە ناوچەکە و لەگرنگترین ئەو دابوو نەریتانەی کە هەیانبووە ئەمانەن :

### یەکەم: هۆدەی نەسیحەت

یەکێک لەو دابونەریتانەی کە لە سەیدسادق هەبووە لە دوای ئاوەدانبوونەوەی و بوون بەناحیەی گوندەکە، لە کۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، دامەزراندنی ژوورێک بوو بەناوی (هۆدەی نەسیحەت) ئەم هۆدەیە لەلایەن کوێخا عەلی شاتری موختاری سەیدسادق لەماڵەکەی خۆیدا دروستکرابوو، کە بریتیبوو لە ژوورێکی گەورە، ئەم هۆدە وەک جۆرێک لە بەندیخانە بوو، بەڵام مەدەنی نەک حکومی، لەوکاتەدا ئەگەر کەسێک دزی بکردایە، یان کارێکی خراپی بکردایە حکومەت لەڕێگەی مەرکەزەوە دەیدایە دەست کوێخا عەلی و لەو هۆدەی نەسیحەتە دەمایەوە و خزمەت و ئامۆژگاری دەکرا بۆ ئەوەی واز لەو کارەی بهێنێت، دزی کردن بێت یان هەرکارێکی خراپی دیکە، تا ئەو کاتەی تاوانەکەی یەکلا دەبووەوە، لە پاڵ ئەمانەشدا ئەم شوێنە بووە داڵدەی ئەو ژنانەی کە لەماڵ دەردەچوون لەگەڵ پیاوێکی تر ئەوەبوو هانایان بۆ ئەم شوێنە دەهێنا تا چارەسەرکردنی کێشەکەیان.

سەرەڕای ئەمانە ئەم ژوورە بووبە شوێنی چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی تر، وەک ئەوەی لەناو شاردا کەسێک بیویستایە خانوو بکاتەوە دەبوایە پرسی بە کوێخا عەلی بکردایە کە چۆن ئەو خانووەی کردووە، ئەگەر ئەو کەسە بیوتایە پرسی ناوێت بە ئارەزووی خۆم کردوومە ئەوا لەو ژووری نەسیحەتە بەند دەکرا، هەتا ئەوکاتەی کەسێک لێی دەپرسییەوە، خۆ ئەگەریش کەس لێی نەپرسیاییە ئەوا کوێخا عەلی دەیدایە بەرێوبەری ناحیەکە تاوەکو یەکلایی کردنەوەی کێشەکەی.

کەواتە ئەو هۆدەی نەسیحەتە ببووە سەنتەرێک بۆ چارەسەرکردنی زۆربەی ئەو کێشانەی کە لە سنوورەکەدا روویدەدا، ئەم شوێنە هەتا مردنی کوێخا عەلی لە ساڵی ١٩٧١ ڕۆڵی گرنگی هەبوو، دواتریش هەر مابوو بەڵام وەک سەردەمی ئەو نەبووە و ڕۆڵەکەی کەمتر بووە هەتا ڕووخانی سەیدسادق لە ساڵی ١٩٨٨ مابوو، بەڵام دواتر دامودەزگا حکومییەکان جێگای ئەو هۆدەی نەسیحەتەیان گرتەوە و کۆتای بە ڕۆڵەکەی هات (ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥).

### دووەم: میوان دۆستی

ناوچەی سەیدسادق بە میواندۆست و دڵپاکی و سادە و ساکاری ناسراوبوون، تەنانەت لەناو خەڵکدا قسەیەک باو بووە کە دەیانگوت سەیدسادق غەریبگرە، بەمانای ئەوەی هەرکەسێک ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی بێت و بێتە ئەم شارە ئیتر ئەم شارە لەدڵی جێگیر دەبێت و حەزناکات بڕوات و تێیدا نیشتەجێ دەبێت، بەڵگەش بۆ ئەوە هاتنی چەندین تیرە و عەشیرەتی جیاواز لە ناوچەکانی کوردستان و گوندەکانی سنوری چەمی شلێر و پێنجوێنە، هەروەها هاتنی ماڵە عەرەبەکان لە دەیەی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کە هەمووان لە شارەکەدا ماونەتەوە و ژیانێکی دوور لە کێشەیان بردووەتە سەر، لەگەڵ ئەمەدا ناوچەکە بەشێوەیەکی کەم ڕێژەی کوشتنی تێدا بووە (غەیدان، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٢٢ / عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥).

شیاوی باسکردنە لە سەیدسادق دا هەتا کۆتایی ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو میوانخانە و شوێنی حەوانەوەی تێدا نەبووە بۆ ڕێبواران و ئەو کەسانەی کە لە دوورەوە سەردانیان کردووە، چونکە بەهۆی مێواندۆستی دانیشتوانەکەی خزمەتێکی زۆری ڕێبوار و کەسانی غەریبە دەکرا، دواتر لە گەڕەکی بەرکێو لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو میوانخانەیەک کرایەوە کە خانوویەکی دووقاتی گڵ بوو، قاتی ژێرەوەی چایخانە بوو قاتی سەرەوەش ئوتێل بوو، بەڵام ئەمە نەبووە ڕێگر لەبەردەم میواندۆستی و دڵپاکی خەڵکی ناوچەی سەیدسادق لە ئاست ڕێبوار و کەسانی دەرەوەی ناوچەکە، بێگومان ئەم شێوازە مامەڵە کردنە لەگەڵ میوان و کەسانی بێگانە تەنها پەیوەست نەبوو بەناو خودی شارەکەوە، بەڵکو گوندەکانی دەوروبەری ناحیەکەش بەهەمان شێوە خزمەتی میوان و خەڵکی بێگانەیان دەکرد، کە میوانەکان زیاتر لە ماڵی گەورەی دێیەکان یان دەوڵەمەندەکانی گوندەکان دەمانەوە و ئەوانیش بەشێوەیەکی جوان خزمەتیان دەکردن ( فەتاح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٢٥/ عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥).

### سێیەم: ئێشککگرتن و شەونشینی

ئێشککگرتن واتە مانەوە و نەخەوتن بە درێژایی شەو، ئەم کارەشیان لەو کاتانەدا دەکرد کە منداڵێک تازە لە دایک دەبوو، پیاوان و خزم و کەسوکاری منداڵە تازە لەدایک بووەکە بۆماوەی حەوت شەو بە بەردەوامی دەمانەوە و نەدەخەوتن و چاودێری منداڵەکەیان دەکرد، هۆکارەکەشی ئەوە بوو دەیانگوت (شەوە) منداڵەکە دەرفێنێت، مەبەستیش لەشەوە گوایە ژنێکە منداڵی نابێت زۆر حەزی لەو منداڵانەیە کە تازە لە دایک دەبن، هەر لەبەرئەمە ئەوانیش ئەوکارەیان دەکرد، خۆ ئەگەر کەسێکیان لەکاتی ئەو ئیشککگرتنەدا بخەوتایە ئەوا لەلایەن ئەوانی ترەوە دەموچاوی ڕەش دەکرا، یان بالیفەکەیان لە هەردوو سەرەوە دەدوری، هەر بۆیە هیچ کەسێکیان بەدرێژایی کاتەکە نەدەخەوتن و چاودێری منداڵەکەیان دەکرد، ئەم کارە لە گوندەکانیش هەبووە و گرنگی تەواوی پێدراوە، بە کورتی ئەم دیاردەیە تایبەت نەبووە بە تەنها سەیدسادق، بەڵکو مەسەلەی شەوە لە هەموو کوردستاندا هەبووە و باو بووە ( سالار، دەستنووس، ١٣/ فەتاح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٢٥).

ئەوەی تایبەتە بە شەونشینی، لە سەرەتاوە لەبەرئەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارۆچکەکە کەم بووە، خەڵکی هەموویان یەکتریان دەناسی هەربۆیە سەردانی یەکتریان دەکرد و تا درەنگانی شەو دەمانەوە و خەریکی گێڕانەوەی بەسەرهاتی کۆن و نوکتە و بەسەرهاتەکانی ژیان بوون، لەگەڵی دا پیرەکان ئامۆژگاری گەنجەکانیان دەکرد کە ڕێزی گەورەکان بگرن و بێکار دانەنیشن و خەریکی ئیشوکاری خۆیان بن، ئەو دیاردەی بەیەکەوە بوون و شەونشینییە زیاتر لە گوندەکانی دەوروبەری سەیدسادق زۆرتربوو بەبەراورد بە ناو شار، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوندەکان ڕێژەی دانیشتوانی کەمتر بوو خەڵکەکەی هەموویان یەکتریان دەناسی، بەڵام لە دوای ئەوەی حکومەتی عێراقی بڕیاریدا گوند و دێهاتەکانی ناوچەکانی پێنجوێن و بناری سورێن چۆڵی بکەن و هاتنە سەیدسادق و دانیشتوانی شارەکە زیادی کرد، ئەمەش وایکرد شەونشینی لەناو شاردا کەم بێتەوە، بەڵام هەر هەبووە و گرنگی زۆری پێدراوە (ساڵح، چاوپێکەوتن ٢٠٢٥/٤/٥/ عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥). کەواتە دەتوانین بڵێین، ئەو دابونەریتانە دەگەڕێتەوە بۆ سادەیی و ئاستی هۆشیاری خەڵک لەبەرانبەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکاندا، سەرەڕای جیاوازی لە نێوان تیرە و عەشیرەتەکان، ناوچەکە بەگشتی دانیشتوانەکەی کەسانی تێکەڵاو بوون، کاروبارەکانیان بەیەکەوە ئەنجام دەدا لە هەموو شتێک هاوکاری یەکتریان کردووە.

**چوارەم: جلوبەرگ و پۆشاک**

جلوبەرگ و پۆشاک بەیەکێک لە پێداویستییە سەرەتاییەکانی مرۆڤ دادەنرێت، زۆربەی ناوچەکانی کوردستان شێوازێکی تایبەت بەخۆیان هەیە، لە خودی جلوبەرگەکە بێت، یان لە شێوازی دورینەکەی، پۆشاکی ئەو سەردەمەی سەیدسادق بە دوو شێوازی جیاواز بوو ئەوانیش:

یەکەم: شێوازی یەکەم، شارەزوورییەکانی پێدەڵێن، جلوبەرگ و پۆشاکی ئەمان زیاتر لەسەر شێوازی هۆزی جاف بوو، کە شێوازەکەی بریتی بوو لە کەوا و سەڵتە لەگەڵ فەقیانەیەکی سپی دەیانپێچا بەسەر دەست و مەچەکیان، لەگەڵی دا مشکی یان جەمەدانیان دەبەست بەسەریانەوە، ئەوانەشەی کە دەوڵەمەند بوون هەردووکیان واتە مشکی و جامانەکەیان پێکەوە دەبەست بەسەریانەوە، لە جیاتی شەرواڵ بیجامەیەکی سپییان لە پێدەکرد، ناوچەکە بە شێوەیەکی گشتی بەشی شارەزوورییەکی بەو جۆرە ستایلە بەناوبانگ بوون (شارەزووری، ٢٠١٥، ٧٩، ٨٠/ عەبدوڵڵا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥).

ئەوەی تایبەتیە بە ئافرەتان ئەوانیش جلی کوردییان لەبەردەکرد بە سەریدا چارۆکە و کەوا و سەڵتە یان لەبەردەکرد، کڵاوزەر و مێخەک و خشڵ و زێڕیان دەکرد بەخۆیانەوە بۆ ڕازاندنەوەی جلەکانیان، ئەو ئافرەتانەی بەتەمەن تربوون سەرپۆش و هەوریان دەبەست بەسەریانەوە، ئافرەتان چاویان ڕەش دەکرد کلوکلدانیان پێبوو لەکاتی مارەبڕین و بوک گواستنەوە و شاییدا خۆیان دەڕازاندەوە و بەکاریاندەهێنا، بەمشێوەیە ئافرەتان شێوازێکی تەواو کوردانەیان هەبووە لە بۆنە و ئاهەنگەکان خۆیان جوان دەکرد، لە کاروباری ناوماڵ و ڕۆژانەشدا هەر ئەو شێوازە جلانەیان لەبەرکردووە (ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/١/ سەعید، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٥).

دووەم: شێوازی بنارییەکان خەڵکی ناوچەکانی پێنجوێن و ناڵپارێز و ئەوانەی بناری سورێن دەگەڕێتەوە کە لە سەیدسادق و ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، بەزۆری لە گەڕەکەکانی بەرکێو و شێخان و ئەو شوێنانە نیشتەجێبوون، شێوازی جلوبەرگیان جیاواز تربوو، بریتی بوو لە شەرواڵی کوردی کە پێیان دەگوت ڕانک و چۆغە و مورادخانی و ستارخانی، ئەمانیش ئەو شێوازە جلوبەرگەیان لەبەردەکرد، بەشی زۆری گوندەکانی دەوروبەری سەیدسادق هەر بەوشێوە جلوبەرگیان لەبەردەکرد، بەگشتی ناوچەی سەیدسادق ئەو دوو شێوازە جلو بەرگەیان لەبەر کردووە (سالار، دەستنووس، ٣٩).

ئافرەتانی ئەمانیش جلی کوردیان لەبەردەکرد و کڵاوزەر و مێخەک و خشڵ و زێڕیان دەکرد بەخۆیانەوە بۆ ڕازاندنەوەی جلەکانیان، ئەو ئافرەتانەی بەتەمەن تربوون سەرپۆش و هەوریان دەبەست بەسەریانەوە، ئافرەتان چاویان ڕەش دەکرد کلوکلدانیان پێبوو لەکاتی مارەبڕین و بوک گواستنەوە و شاییدا خۆیان دەڕازاندەوە و بەکاریاندەهێنا، بەمشێوەیە ئەمانیش شێوازێکی تەواو کوردانەیان هەبووە لە بۆنەو و ئاهەنگەکان خۆیان جوان کردووە، لە کاروباری ناوماڵ و ڕوژانەشدا هەر ئەو شێوازە جلانەیان لەبەرکردووە (ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/١/ سەعید، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٥).

**پێنجەم: بۆنە وجەژنەکان**

خەڵکی ناوچەی سەیدسادق وەک هەر ناوچەیەکی تری کوردستان بەشداریشیان لە پرسەو جەژنەکان کردووە، ئەوانیش گرنگیان داوە بە جەژن و بۆنە خۆشەکان و ڕێوڕەسمەکانی پرسە، وەک (جەژنی ڕەمەزان، جەژنی قوربان، مەولودنامە، نەورۆز، پرسە، نەخۆشی) بە گرنگ سەیری کراوە، کە ئەمانن :

**یەکەم: جەژنی ڕەمەزان و قوربان**

ناوچەی سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەری لەبەرئەوەی مسوڵمانبوون پابەند بون بە بنەماکانی ئاینی ئیسلام، ئەوا مانگی ڕەمەزان ڕۆژوویان گرتووە و ئەرکە ئاینییەکانیان ئەنجام داوە، وەک تەراویح و شەونوێژ، پاشان جەژنیان وەک بۆنەیەکی ئاینی پیرۆز سەیرکردووە، ئەوەبوو لە مزگەوتەکاندا نوێژی بەکۆمەڵیان دەکرد بەشێوەیەکی جوان سەردانی یەکتریان کردووە و ئەو بۆنەیەیان بەرز گرتووە، بەیانیانی جەژن خواردن ئامادەکراوە وەک (برنج، فاسۆلیا، قەیسی، گۆشت) و پێشوازییان لە میوان کردووە و سەردانی یەکتریان کردووە، ئەم کردارە لە ناو گوندەکانیش باوبووە، لەگەڵیدا ئەسپ و عارەبانە هەبوو کە گەنجان و منداڵان سەری دەکەوتن و پاشان دەچوونە سەیرانگای سەرای سوپحان ئاغا یان شاخی سەیدسادق و کاتەخۆشەکانی خۆیان بەسەر دەبرد، بەڵام دواتر بەهۆی ئەو بارودۆخەی ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە کە شۆڕشی ئەیلول ڕوویدا لە ساڵی (١٩٦١-١٩٧٥) دژی حکومەتی عێراقی و بارودۆخی کوردستان بە گشتی و سەیدسادقیش خراپ بوو، هەروەها دروستبوونی جەنگی عێراق و ئێران لە ساڵی (١٩٨٠-١٩٨٨) کە وای کرد ناوچەکانی سەیدساق بۆردومانەکرا لەلایەن حکومەتی ئێرانەوە، ئەمە بووە هۆکارێک بۆ ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر کۆبونەوەی ناو مزگەوتەکان کەم ببێتەوە لە ترسی تۆپباران و هێرشەکانی حکومەتی ئێران، بەڕادەیەک خەڵکی لە ماڵەکانی خۆیان و لەژێرزەمینەکان نوێژ و ئەرکە ئاینییەکانی خۆیان ئەنجامدەدا (محمەد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٤/ ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥).

سەبارەت بە جەژنی قوربانیش بەهەمان شێوە بە پیرۆز سەیرکراوە و هاوڵاتیان سوننەتی قوربانی کردنیان زیندوو کردۆتەوە و ئاژەڵەکانی وەک مەڕ و بزن و مانگایان سەربڕیوە و گۆشتەکەیان بەسەر ماڵەکاندا دابەشکردوە، لە گوندەکانیش مەراسیمەکانی جەژنی قوربان ئەنجام دراوە و هەموان پێکەوە جەژنی خۆیان کردوە و سەردانی یەکتریان کردووە قوربانیان ئەنجام داوە و خواردنیان بۆ بەیانی جەژن دروستکردووە وەکو برنج و گۆشت و فاسۆلیا و قەیسی، هەر کەسێک لە توانایدا بوایە دەچوو بۆ بەجێ گەیاندنی فەریزەی حەج و بەشێوەیەکی جوان بەڕێیان دەکرد، لە گوندەکان لەبەرئەوەی هەمووان ناسراوبوون، خزم و کەسی یەکتر بوون، تێکەڵی و سەردانی

کردنی یەکتر زیاتر بووە بە بەراورد بەشار، کە ڕۆژبەڕۆژ سنورەکەی گەورەتربووە، لەگەڵیدا ژمارەی دانیشتوانەکەی زیادی کردووە.

لە هەردوو جەژنەکەدا نەریتێک کە لە ناوچەی سەیدسادقدا باو بووە ئەویش پێیان وتووە نۆ جەژنە، مەبەست لێی ئەوەبووە، کە کەسێک بمردایە، هەرچەندە پرسەشی بۆ دادەنرا لەو کاتەدا، بەڵام دواتر کە جەژنی بەسەردا دەهات دووبارە خەڵکی دەچوونەوە بۆ ئەو ماڵەی کەسەکەیان لێ مردبوو، پرسەیان دادەنایەوە، بە گشتی ئەم نەریتە لە کوردستان باوە (ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥/ فەتاح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٢٥).

**دووەم: مەولودنامە**

مەبەست لەمەولودنامە واتە یادکردنەوەی ڕۆژی لە دایکبوونی پێغەمبەر موحەمەد (د.خ)، لە کوردستان بەگشتی و لە ناوچەی سەیدسادق بەتایبەتی ئەم یادە بەرز ڕاگیراوە و لەناوشار و گوندەکان خەڵکی خواردنیان ئامادە دەکرد و دۆست و ئاشنا و فەقیر و هەژاریان بانگهێشت دەکرد، خوانیان بۆ میوانەکان ئامادە دەکرد و ڕێزێکی زۆریان لێدەگرتن، هەندێ جار ئەو خوانە لە مزگەوت بوو هەندێ جاریش لە ماڵەوە، ژنان و پیاوان بەشداریان تێدادەکرد، بە قورئان خوێندن و وتار و سروودی ئایینی کاتەکەیان بەڕێدەکرد و هەمووان بە دڵخۆشی بەشداریان دەکرد بەبێ جیاوازی چینایەتی و فەقیری و دەوڵەمەندی، ئەگەر لە گوندەکان بکرایە خەڵکی گوندەکانی تر و و سەیدسادقیش بانگهێشت دەکران، ئەگەریش لە سەدیسادق بکرایە خەڵکی گوندەکان بانگیشت دەکران، ئەم بۆنەیە بە درێژایی مانگی مانگی مەولود بەردەوام بوو (سالار، دەستنووس، ٣٦).

**سێیەم: نەورۆز**

نەورۆز بۆنەیەکی کوردییە و سەرەتایی ساڵی نوێی کوردی و بەهارە، لە ناو کورددا گرنگی زۆری پێدراوە، لە ناوچەی سەیدسادق ئەم بۆنەیە وەک جەژن سەیرنەکراوە، بەڵکو وەک بۆنەیەکی کوردی گرنگیان پێداوە، لەو ڕۆژەدا ئاگریان لەسەر شاخەکان یان لە دەشتاییەکان کردۆتەوە و لەوێدا گۆرانی و شیعر و هەڵپەرکێیان کردووە، بەڵام دواتر لەناو ناحیەکەدا لەبەرئەوەی حکومەتی عێراقی هێزیان لێداناو بوو ئاگرنەدەکرایەوە.

لە دوای ڕێکەوتنامەی ١١ ئازاری ١٩٧٠ ئەم بۆنەیە زیاتر گرنگی پێدرا و شانۆگەریان دەکرد و شیعر و نووسینیان دەخوێندەوە، لەهەمانکاتیشدا لە گوندەکان ئەم بۆنە و یادە بەرز ڕاگیراوە، لەبەرئەوەی دەسەڵاتی حکومەت کەمتر دەگەیشتە گوندەکان ئەمە وایکردبوو ئەمان زیاتر گرنگی بەو چالاکییە بدەن و ئاگر بکەنەوە و یادەکە بەرز ڕابگرن (فەتاح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٢٥/ سالار، دەستنووس، ٣٥).

کەواتە دەتوانین بڵێین، ناوچەکە بەشێوەیەکی جوان گرنگیان داوە بە هەموو بۆنە و جەژنەکان، ئایینیەکان بێت یان بۆنە کوردییەکان.

**چوارەم: هاوسەرگیری وشایی**

هاوسەرگیری بە بەشێکی گرنگ دادەنرێت لە پرۆسەی ژیان و هۆکارێک بۆ زیادبوونی دانیشتوان و بەردەوامبوونی ژیانکردن، لە سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەریدا وەک ناوچەکانی تری کوردستان دیاردەیەک باو بووە بۆ مەسەلەی هاوسەرگیری ئەویش ژن بەژن بووە، واتە کەسێک خوشکی خۆی یان کچی خۆی دەدا بەژن، کە ئەمەش لێکەوتەی خراپی لێدەکەوتەوە چونکە هەندێ جار لایەنێکیان لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان دەبووە هۆی جیاونەوەیان ئەوا ڕاستەوخۆ دەبوایە ئەو لایەنەی دیکە کە کێشەشیان نەبووە لەیەکتر جیاببنەوە، ئەمەش دیاردەیەکی ناشیرین بووە.

لەلایەکی تر دیاردەیەکی تر لەناوچەکەدا وەک زۆربەی ناوچەکانی تری کوردستان بڵاوبووە ئەویش گەورە بە بچوکیان پێدەگوت، واتە دوو کەس هاوسەر گیریان پێکەوە دەکرد پیاوەکە خوشکەکەی یان کچەکەی منداڵ بوو هەر بەمنداڵی لە منداڵیکی ئەو ماڵەی ئەم ژنەکەی لێخواستوون مارەدەکرد بەبێ ئەوەی هیچ ڕەزامەندییەکی ئەو کەسەی لەسەربێت، دواتریش کە گەورە دەبوون یەکتریان بەدڵ نەبوو یان کێشەیەک دروست دەبوو ئافرەتەکە تەڵاق دەدرا.

یەکێکی تر لەو دیاردە خراپانەی کە هەبووە لە ناوچەکەدا شیربایی بوو ئەگەر کەسێک خوشکی نەبوایە دەچوو پارەیەکی زۆری دەدا بەو ماڵەی کە ئەم کچەکەیانی لێدەخواست لەبەرانبەر ئەوەی ئەم خوشک یان کەسێکە نەبووە بیداتە ئەوان.

بەشێوەیەکی زۆر ئەو دیاردانە لە ناوچەی سەیدسادق و بە گوندەکانیشییەوە باو بوو، بەڵام دواتر بەپێی تێپەڕبوونی کات ئەم دیاردانە بەرەو کەم بوونەوە و نەمان ڕۆیشتن (سالار، دەستنووس، ٣٧/ سەعید، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٥).

سەبارەت شایی، شایی بەشێوەیەکی جوان دەکرا و جۆش و خرۆشی خۆی هەبووە، گەنجان کۆدەبوونەوە و ئاهەنگ دەستی پێدەکرد، بەزۆری لە لادێیەکان نزیکەی پێنج بۆ شەش ڕۆژ ئاهەنگ و شایی بووە، لەبەرئەوەی سەیارە کەم بووە بووکەکانیان بە سواری ئەسپ و ماین هێناوە، بەڵام دواتر کە سەیارە زۆر بوو هێنانی بووک بە سواری ئەسپ و ماین کەمبوویەوە، لەگەڵیدا خواردنی زۆر ئامادە کراوە بۆ میوانەکان هەمووان پێکەوە ئاهەنگیان گێڕاوە کاتەکانی خۆیان بە خۆشی بەسەربردووە (محمد، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٤/ ساڵح، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥).

**پێنجەم: پرسە و مردن**

پرسە و مردن و شۆرینی مردوو گرنگی خۆی هەبووە لە کوردستان، وەک شێوازی ئیسلامی مردووەکەیان ناشتووە، وەک دابونەریتێکی کوردانە پرسەیان بۆ گێڕاوە، دانیشتوانی سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەری وەک هەموو ناوچەکانی تری کوردستان گرنگی زۆریان بەو پرسە داوە و بەشێوازێکی جوان مامەڵەیان لەگەڵ ئەو کارەدا کردووە، بەجۆرێک ئەگەر ماڵێک کەسێکیان بمردایە ئەوا دۆست و خزم و ناسراو و دراوسێکانیان زۆر بەخێرای کاروباری شۆردنی مردووەکە و هەڵکەندنی گۆڕ و بەخاسپاردنیان ئەنجامدەدا، بەشێوەیەک ئەو مەراسیمە بەڕێوەدەبرا خاوەنی پرسەکە تووشی نارەحەتی و گیروگرفت نەدەبوو، بەڕادەیەکی زۆر خەمی سەرشانی خاوەنی مردووەکە کەم دەبووەوە، بەهۆی پاڵپشتی و هاوکاری دراوسێ و خزم و کەسەکانی، پرسە لە ناوچەی سەیدسادق و گوندەکانی دەوروبەری بۆماوەی سێ ڕۆژ بووە، بەڵام دراوسێ و کەسە نزیکەکانی مردووەکە ماوەیەکەی زیاتر پرسەیان گێڕاوە، دوای مردنی کەسێک مردووەکە دەبرا بۆ گۆڕستان لەناو شاری سەیدسادق گۆڕستانی لێیە بە قەد پاڵی شاخی سەیدسادقەوەیە لە ناوەڕاستی شارەکە مردووەکانیان لەوێ دەشاردەوە، لە گوندەکانیش قەبرسانی لێبووە کە مردووەکانیان لێ ناشتووە، بەڵام لەناو شاری سەیدسادق کە مردووەکانیان دەناشت نەریتێکیان هەبوو ئەو کەسانەی کە ناوداربوون یان ناسراوبوون لەسەرەوەی کەسەکانی تر دەیانناشتن، کە ئەمەش زیاتر وەک ڕێزێک بوو لەو کەسە، نموونەی ئەو کەسانەش کە لەسەرەوە نێژراون (شێخ سەعیدی کەلوڕان، نەویجانە سوور، قادر ساڵحی شێخ سمایلی، عەزیز شاوەیش...هتد) (حەوتبرا، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/١/٢٣).

سەرەڕای ئەمانە لە سەیدسادق و ناوچەکە بەگشتی هەڵکەندنی گۆڕ بێبەرانبەر بووە، واتە بەکارێکی خێری کراوە یەکێک لەو کەسانەی کە لەوکاتەدا گۆڕ هەڵکەن ببووە ناوی (حەمەی کاک ئەمین) بووە لە دەیەی شەستەکان سەدەی ڕابردوو، دواتر چەندین

کەس هەبوون کە گۆڕ هەڵکەن بوون وەک (عوسمان مەلا ئەحمەد، حەمە سەعید حاجی مەلا حەمە کەریم، محەمەد حەبیب، شێخ فاتیح شێخ ئیبراهیم، والی تالیب، حەمەی ئەمنە، حەمە حسێنی حاجی حەمە ڕەحیم،...هتد)، هەروەها چەندین کەس هەبوون کە مردوویان شۆردووە لە پیاوان و ئافرەتان بەشێوەی خێرخوازی کاروباری شۆردنی مرد و کفن کردنیان ئەنجام داوە، لە پیاوان وەک (حاجی ڕەحیمی کەناس، جەمشیر شیرەمەڕی، جەلالی مردوو شۆر، حاجی ڕەشید)، لە ئافرەتانیش (حاجی فاتیمە خێزانی حاجی ڕەحیم، فاتیمەخانی خێزانی حاجی حەمە عەلی) زۆر کەسی تریش هەبوون بەڵام ئەمانە بەناوبانگبوون (حەسەن، چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١/ سالار، دەستنووس، ٣٤).

کەواتە دەتوانین ئاماژە بەوە بدەین، لەلایەنی دابونەریتەوە ناوچەی سەیدسادق بەشێوەیەکی گشتی دابونەریتەکانیان پاراستووە و کەسانی میواندۆست بوون، گرنگی زۆریان داوە بە بۆنە و ئاهەنگ و جەژنەکان، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاستێکی زۆر باش دابووە، سەرەڕای زۆری ئەو هەموو هۆز و عەشیرەتانەی لە ناوچەکەدا نیشتەجێبوون، بەڵام ئەمە نەبووبە ڕێگری لە بەهێزبوونی پەیوەندیان و جێبەجێکردنی بۆنە ئایینی و کولتوورینەکانیان.

## دەرئەنجام:

١- هەموو ئەو هۆز و عەشیرەتانەی چوونەتە ناوچەی سەیدسادق سەرەتا کۆچەری بوون و بۆ دەستخستنی ئاو و لەوەڕگا گەرمیان و کوێستانیان کردووە، بەڵام دواتر نیشتەجێبوون ئەو ناوچەیان ئاوەدانکردووەتەوە.

٢- شارەکە هەر لە سەرەتاوە بە شێوەیەکی خێرا گەشەی کرد و گەڕەک و شەقامەکانی فراوان بوون، چەندین قوتابخانە و مزگەوت و نەخۆشخانەی تێدا دروست کراوە، لە گوندەکان گرنگی دراوە بە قوتابخانە و ئاستی ڕۆشنبیری، لەناو شاریش قوتابخانە بە زمانی عەرەبی و قوتابخانەی نەهێشتنی نەخوێندەواری کراوەتەوە.

٣- دانیشتوانی سەیدسادق و گوندەکانی بەپێی سەرژمێرییەکان، بەردەوام و ڕۆژ بە ڕۆژ ژمارەیان زیادیکردووە، ئەمەش بۆ کۆچکردنی دانیشتوانی ناوچەکانی دەوروبەر بۆ ناوچەکە و گەشەکردنی بواری پزیشکی و دەرمان و زیادبوونی خواردن دەگەڕێتەوە.

٤- لەو سەردەمەدا گرنگی زۆر دراوە بە گۆڕ و مەزارگە ئاینییەکان، خەڵکی ناوچەکە و تەنانەت دەوروبەریش سەردانیان کردوون و بە پیرۆز سەیریان کردوون.

٥- لە دوای ئەوەی حکومەت ناوچەکانی پێنجوێن و شلێری گواستەوە بۆ ئۆردووگا زۆرەملێییەکان، ئەمە وایکرد شێخەکان بێنە ناو سەیدسادق، لەئەنجامدا بۆ یەکەمجار تەکیەکان لە شارەکەدا کرانەوە، تەریقەتەکان بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەوە.

٦- ناوچەی سەیدسادق هەرچەندە تێکەڵ بووە لە عەشیرەت و کەسانی جیاواز و دابونەریتی جیاواز، بەڵام هەمووان بێ جیاوازی عەشیرەت و چینایەتی یارمەتیدەری یەکتربوون، لە خۆشی و پرسە و جەژنەکاندا پێکەوەبوون، بە کەسانی کۆمەڵایەتی و میواندۆست ناسراوبوون، کاروباری خۆیان بە کۆمەڵ و هەرەوەزی ئەنجام داوە، جیاوازی هۆزایەتی نەکراوە لەنێوانیاندا.

## لیستی سەرچاوەکان:

### کتێب/

### بە زمانی کوردی

جاف، کەریم بەگی فەتاح بەگ (١٩٩٥)، تەئریخی جاف، بەغداد، دار الکتب و الوثائق.
حەسەن، هیوا مەلا (٢٠١٩)، مێژووی چەند هۆزێکی کورد، سلێمانی، چاپخانەی چوارچرا.
دەروێش، فەرمان حسێن (٢٠٢٢)، جینۆسایدی سەیدسادق، سلێمانی، چاپخانەی حەمدی.
ڕیچ، کلۆدیوس جەیمس (٢٠١٢)، گەشتنامەی ڕیچ بۆ کوردستان ١٨٢٠، و: محەمەد حەمە باقی، دهۆک، چاپخانەی خانی، چ٤.
زەکی، محەمەد ئەمین (١٩٩٤)، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی شڤان، ب٢.
سنندجی، میرزا شکروڵا (٢٠٠٦)، هۆز و تیرە و تایەفەی کورد لە کوردستانی ئەردەڵان، و: ئەنوەر سوڵتانی، سلێمانی، چاپخانەی ژین.
سۆن، مێجەر ئی.بی. (٢٠٠٧)، چەند سەرنجێک دەربارەی هۆزەکانی کوردستانی خواروو، و: نەجاتی عەبدوڵلا، سلێمانی، چاپخانەی شڤان.
سەجادی، عەلادین (٢٠١٠)، ڕشتەی مرواری، ب،ش، ب٥.
شارەزووری، ساڵح مەلا موحەمەد (٢٠٢٣)، ماموستا موحەمەد ساڵح شارەزووری ژیان و بەرهەم هەڵوێستەکانی، هەولێر، نوسینگەی تەفسیر.
شارەزووری، غەمگین (٢٠١٣)، سەیدسادق لەئامێزی مێژوودا (١٩٤٥-٢٠١٣)، سلێمانی، چاپخانەی شارستان، ب١.
شارەزووری، غەمگین (٢٠١٥)، هەنگاوێک لەتەمەن، سلێمانی، چاپخانەی شارستان، ب٢.
غەفور، عەبدوڵلا (٢٠٠٢)، فەرهەنگی جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، چاپخانەی سەردەم.
فیلد، ئی . جەی . ئار هینری (١٩٨٦)، هۆزەکانی کورد، و: حسین احمد جاف، بغداد، دار الحریة، ب١.
گەرمیانی، مەلا سۆران (٢٠١٨)، مێژوو و ڕەچەڵەکی جاف، ب،ش.
مودەریس، مامۆستا عەبدولکەریم (١٩٨٤)، بنەماڵەی زانیاران، سنە، چاپخانەی کانی.
مەحمود، سۆران محەمەد (٢٠٢٣)، مێژووی پەروەردە وفێرکردن لە سەیدسادق ١٩٥٢-١٩٨٨، سلێمانی، چاپخانەی کارۆ، ب١.

### بە زمانی عەرەبی

بیگ، کریم بێگ فتاح (٢٠١٢)، تأریخ جاف، ت: دکتور محمد علی سلطانی، أربیل، انتشارات آراس.
خورشید، فؤآد حەمە (١٩٧٩)، العشائر الکردیة، بغداد، الحوادث.
المحامي، عباس العزاوي (٢٠٠٥)، موسوعة عشائر العراق، لوبنان، الدار العربیة الموسوعات، م٤.

**گۆڤار**

ڕەمەزان، عومەری مام (٢٠٠٢)، شارەزوور و کاریگەری هۆکاری سیاسی لە دابەشبوونی دانیشتواندا (١٩٥٧-١٩٩٧)، گۆڤاری پەیڤ، ژ١٣.

کۆمەڵی نووسەر، (٢٠٠٨)، گۆڤاری کۆچ گۆڤارێکی وەرزییە، هەولێر، چاپخانەی کوردستان، ژ٩.

**دەستنووس**

سالار، سەلاح، سەیدسادق پایتەختی شارەزوور مێژووی شاری سەیدسادق لە دروستبوونەوە تا وێرانکردن ١٩٤٦-١٩٨٨.

**چاوپێکەوتن**

حەوتبرا، سابیر، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی هۆزی چنگنی و لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایک بووە، ناوبراو ماڵی باوکی یەکێکن لە ماڵانەی کە سەیدسادقیان ئاوەدانکردۆتەوە و شارەزای باشی هەیە لەسەر شاری سەیدسادق، ئێستا لە ژیان دا ماوە لە شاری سەیدسادق دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/١/٢٣.

عەلی، فایەق، یەکێکە لەکەسایەتیە دیارەکانی سەیدسادق و لە تیرەی شاتریە و شارەزایە لە مێژووی ناوچەکە لە ساڵی ١٩٥٩ لەدایک بووە ئێستاش لە ژیاندا ماوە لە سەیدسادق دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٢/٢٣.

حەسەن، ابراهیم ئەحمەد، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی تیرەی شێخ سمایلی لە ساڵی١٩٥٢ لەدایک بووە شارەزایە لە مێژووی ناوچەکە، ئێستا لە ژیاندا ماوە لە گوندی کەچەڵی دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١.

محەمەد، خالد، کەسێکی دیاری ناوچەی سەیدسادقە و خەڵکی گوندی کێلەکەوەیە لە ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە شارەزایە لە مێژووی ناوچەکە ئێستا لە ژیاندایە و لەگوندی کێلەکەوە دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٤.

سالح، عەلی، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی عەشیرەتی چوچانی لە ساڵی ١٩٢٧ لە دایک بووە، ئێستاش لە گوندی دۆڵەچەوت سەربەقەزای پێنجوێن دەژی، ناوبراو کەسێکە زانیاری مێژووی ناوچەکەی لایە، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/٥.

عەبدوڵڵا، تۆفیق، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی تیرەی شێخ سمایلی لە ساڵی١٩٥٧ لەدایک بووە، ئێستا لەگوندی ماو دەژی، شارەزایە لە مێژووی ناوچەکە، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٤/١٥.

فەتاح، مەحمود ئەحمەد، یەکێکە لە کەسایەتیەکانی تیرەی شێخ سمایلی لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایک بووە، ئێستا لەگوندی کەچەڵی دەژی و شارەزای هەیە لەسەر مێژووی ناوچەکە، بەرواری چاوپێکەوتن ٢٠٢٥/٤/٢٥.

سالح، نەخشین عبدالرحمن، یەکێکە لەو ئافرەتانەی لەگوندی کەچەڵی دەژی و لە ساڵی ١٩٥٧ لەدایک بووە، خۆی خەڵکی گوندی شانەدەریە و ئێستا لەگوندی کەچەڵی دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/١.

سەعید، خاوەر محمد، ئەم ئافرەتە خەڵکی گوندی دێکۆنی سەربە پارێزگای هەڵەبجەیە، لە ساڵی ١٩٥٦ لە دایک بووە، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو هاتۆتە گوندی کەچەڵی، تا ئێستا لە گوندی کەچەڵی دەژی، بەرواری چاوپێکەوتن، ٢٠٢٥/٥/٥.

**زانیاری بڵاکراوە و بڵاونەکراوەی حکومی**

- بەڕێوبرایەتی ئاماری سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان –وەزارەتی پلاندانان، دەستەی ئاماری هەرێم، ئاماری تایبەت بە قەزاو ناحیەکان، زانیاری بڵاونەکراوە.
- ساڵنامەی ١٩٩٩ی سلێمانی (١٩٩٩)، حکومەتی هەرێمی کوردستان – وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان.

**ئەرشیف**

- ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی پەروەردەی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە.
- ئەرشیفی بەڕێوبەرایەتی شارەوانی سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە.
- ئەرشیفی قایمقامیەتی قەزای سەیدسادق، زانیاری بڵاونەکراوە.

توێژینەوەی کۆنفرانس لە گۆڤاری زانکۆی سۆران (بڵاونەکراوە)

- محمد، د.شاد حمید، کریم، د. احمد رفیق (٢٠٢١)، کاریگەری فراوان بوونی شاری سەیدسادق لەسەر دابەشبونی خزمەت گوزاری پەروەردە، بڵاونەکراوە.